# ڕۆژانی دادێی عێراق زەحمەتترن



د. شێرزاد نەجاڕ

تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

کاتێك نووری مالیکی لە ٢٠١٤/٨/٦ دەیوت: ئەگەر سەرپێچی لە دەستوور و مافە دەستوورییەکانی پێوەندیدار بە ڕاسپاردنەوەم بۆ دامەزراندنەوەی حکومەتی نوێی عیراقی بکرێت، ئەوا دەرگاکانی دۆزەخ دەکرێنەوە، وا لێکدانەوەی بۆ کردبوو کە گوایە عیراق شێوەی بەهەشتێکە و هەموو شتێك تێیدا بە هێمنی هەڵدەسووڕێت و بە ڕێکوپێکی بەڕێوەدەچێت، وەك ئەوەی عیراق کەوتبێتە ریزی ئەو دەوڵەتانەی لە ڕێکوپێکیدا بێ وێنەیە وەك دەوڵەتی قانون وێناندنی بۆ دەکات!

ئەم وێناندن و لێکدانەوەیە وەهمێکە مالیکی تێی کەوتبوو، چونکە ئەگەر بە بابەتییانەو بە ڕوانینی دەوڵەتمەدارێکی خاوەن ئەزموونی هەشت ساڵانە تەماشای بارودۆخی عیراقی بکردایە، دەگەیشتە دەرئەنجامێکی لۆژیکییانەی وا، بەوەی حوکمداری لەم ساتەوەختە دژوارانەدا پێویستی بە لێهاتوویی سەماکارێکە بەسەر تەپڵی سەری هەژدیهاوە(غەسان شربل لە ڕۆژنامەی حەیات لە ٢٠١٤/٨/٧بەو جۆرەی لێکدابووەوە)، چونکە حوکمدار پێویستییەکی زۆری بە حیکمەت و عەقڵانییەت دەبێت لە وڵاتێکدا کە ڕۆژانە بەرەوڕووی قەیرانی قووڵی هەمەچەشنی ڕەگدار دەبێتەوە، بەڵکو عیراق وەك درەختێکی لێهاتووە کە بەرهەمەکانی بریتین لە بەروبوومی بێ بڕانەوەی قەیرانی یەك لە دوا یەکتر.

لەم چوارچێوەیەدا پرسیارێکی گرنگ سەردەردێنێت کە پێوەندیدارە بەوەی ئایندە چی بۆ عیراق لە هەگبەدا بێت؟

دروستکردنی داهاتوو لە عیراقدا بۆ ساتەوەختی ئێستا بە تەنیا لە دەستی عیراقییەکاندا نییە، بەڵکو چەندین جەمسەری هەمەلایەنی ناوخۆیی و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی تێیدا بەشدارن، هەر بۆیە تەمومژاوی و هاوپێچە بە بێ متمانەیی و گومانی ئەو جەمسەرانە لەسەر یەکتر بەتایبەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە لە بنەڕەتدا بەرپرسیارێتی ئەم ڕووداوانەی لە ئەستۆیە کە لە عیراقدا دەقەومێن، چونکە ئەو هەستاوە بەم گۆڕانکارییە ریشەهێنەی لە ساڵی ٢٠٠٣ ڕوویداوەو هەموو خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی ڕاتڵەکاندووەو هاوسەنگی تەقلیدییانەی هێزی ناوچەکەی گۆڕیوە.

پاش دەستێوەردانی سەربازیی ڕاستەوخۆی ئەمریکی لە عیراقدا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە بەرانبەر ڕووداوەکانی ٢٠١١ پاش کشانەوەی لەو وڵاتەدا سیاسەتی خۆبەدوورگرتنی خستەکار، ئەم کارەشی ناولێنا: پرۆسەی (داڕشتنەوەی نوێ بۆ سیاسەتی دەرەوە، یان سەرلەنوێ داڕشتنەوەی ستراتیژییانەی ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکایی).

پرۆسەی لەم بابەتە لە ساتەوەختانی ئاشتەوایی و هێمنیدا ئەنجام نادرێت، مەگەر لە ساتەوەختانێکدا نەبێت کە

قەیرانە توندو ئاڵۆزەکان پیایدا تێپەڕ دەبێت، (وەك ئەوانەی لە عیراقدا ڕوودەدەن).

سەردەمی سەرۆکایەتی ئۆباما بەوە ناسراوە کە ڕوانینەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا پشتبەستووە بە هەمەشێوەیی لە بیر و بیرۆکەکاندا (کە بە بیرۆکەی دینامیکی ناچەسپاو دەناسێنران) لە گرنگترینیان:

- کرانەوە بە ڕووی جیهانی ئیسلامی و هاندانی لایەنگرەکانی (ئەمەیان ڕاگیرا بۆ خاتری هەڵسەنگاندنەوەی دۆخەکان).
- وەرچەرخان بەرەو خۆرهەڵات بە خێرایی و دواتر خاوکردنەوەی ئەو خێراییە.
- تەرکیزکردن لەسەر خۆرهەڵاتی ناوەڕاست(میسر و سووریا)، دواتر گۆڕینی ئاڕاستەکانی ئەم تەرکیزکردنە، (بە نموونە لە سەرەتای بانگەوازەکاندا تەرکیزەکە بۆ ڕووخانی ئەسەد بوو، دواتر گۆڕینی ئەم ئاڕاستەیە بۆ مامەڵەتکردن لەگەڵ ئەسەد).
- پشتگوێخستنی هاوپەیمانە تەقلیدییەکانی لە ئەورووپاوەو لە ساتەوەختانی ڕووبەڕووبوونەوەی دۆزە نێودەوڵەتییەکانداو دواتر هانا بۆبردنەوەیان، بەتایبەتی بۆ دۆزەکەی ئۆکرانیا و پێوەندییەکان لەگەڵ ڕووسیادا.
- ئاڕاستەی دوژمنکارانە لە بەرانبەر ئێران، دواتر گۆڕینی ئەو ئاڕاستەیە بەرەو کارکردن لە پێناوی بونیادنانی سەرلەنوێ پێوەندی لەگەڵیدا.

هەموو ئەم بیرۆکەو گۆڕانکارییانە لە چوارچێوەی کەمکردنەوەی پشتبەستن بووە بە هێزی ڕەق (بەتایبەتی لە ڕووی سەربازی) و پشتبەستنی بە تێکەڵەیەك لە هێزی ڕەق و هێزی نەرم، لە بەرانبەر هەموو ئەم ئاڕاستانەدا سەرۆکی ئەمریکا(ئۆباما) لە هەوڵی بەردەوامدا بوو بۆ دابەزاندنی بودجەی سەربازی، تا ئەو کورتهێنانەی لە بودجەکەدا دروست ببوو، کەم بکاتەوەو هەنگاو بەرەو داڕشتنەوەی پەیکەربەندی ژێرخانی ئەمریکا هەڵبگرێت، (بەتایبەتی لە بوارەکانی تەندروستی و بیمەی کۆمەڵایەتی).

کەواتە سەرۆك ئۆباما هەوڵی دەدا گۆڕانکاری لە پێداویستییەکان و خاڵە پێشەنگ و باشترینەکانی نیشتمانی ئەمریکا دروست بکات، خۆرهەڵاتی ناوەند خاڵی گەوهەرییانەی ئەم پرۆسەیەی بوو.

لەم چوارچێوەیەدا دروستکارانی بڕیار لە واشنتۆنەوە گەیشتنە ئەو دەرئەنجامەی کە بە تەنیا ناتوانن پشت ببەستن بە هاوپەیمانە تەقلیدییەکانیان لە ناوچەکەدا، بەتایبەتی لە مەسەلەی مەترسیدارترین دۆزدا کە لە سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە لە ئارادایە، ئەویش دۆزی سەرلەنوێ داڕشتنەوەی نەخشەی ناوچەکەیە.

ئەم ئاڕاستە نوێیەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا پێوەندیدارە بە (سەرلەنوێ هاوسەنگکردنەوەی هێزەکان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا) بۆئەم پرۆسەیەش ئەمریکا بە تەنیا ناتوانێت گەمەکار بێت، چونکە چەندین گەمەکاریتر کەوتوونەتە ناو هاوکێشە سیاسییەکانەوە، لەوانەش دەوڵەتانی وەك تورکیا و ئێران، هەروەها گەمەکاری بێ دەوڵەتی ئەکتیڤی وەك هەرێمی کوردستانی عیراق، هەروەها گەمەکارانی دەرەوەی سیستمی هەرێمایەتی وەك ڕووسیا و چین و یەکێتی ئەورووپا، ئەمانە هەموویان هاوبەشن لە گەمەکەدا، پێویستیشە بەشداری بکەن لە پرۆسەی بونیادنانی سیستمێکی تازەی هەرێمایەتی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەمەش بە واتای ئەو هاوسەنگییەی هێزی جاران کە ئەمریکییەکان دروستیان کردووە، کەڵکی نەماوەو پێویستی زۆری بە گۆڕانکارییەکی ڕیشەهێنە، ئەمەش لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئەمریکایەو پێویستی بە توانایەکی گەورەی قەناعەت هێنانە بە هەموو گەمەکارە سەرەکییەکانی ناوچەکەو یەکێتی ئەورووپا و چین و ڕووسیا بەوەی کاتەکە هاتۆتەپێشەوە بۆ وەدیهێنانی (سیستمێکی هەرێمیی تازە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست) کە بە هۆیەوە کەڵك و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا مسۆگەر بکات و توندوتیژییە مەزهەبییەکان کەم بکاتەوە. (گۆڤاری نیویۆرکر لە کانوونی دووەمی ٢٠١٣)



بەهۆی ئەمانەوە دەکرێت دەستنیشانی کۆمەڵێك هۆکار بکەین، کە کارتێکەر بوون و کاردەکەنە سەر ئەم ئاڕاستە تازەیەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکاو هاوبەش دەبن لە پێکهێنانیدا:

- ئیدارەی ئەمریکا لە سەردەمی سەرۆك ئۆبامادا نایەوێت ڕاستەوخۆ بخزێتە ناو گرفتە ئاڵۆزەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەوە، بەتایبەتی دۆزی عیراق.
- ئەمریکا نایەوێت بە لاوازی دەربکەوێت لەبەردەم ڕووسیاو چین و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست.
- ئەمریکا دەیەوێت پێوەندییەکانی لەگەڵ ئێراندا بەرەو باشی بچێت، هەروەها دانوستاندان لەسەر ئەتۆم بکات، تا سەرکەوتن لەو ڕووەوە بەدەست بهێنێت، وێڕای فشارەکانی سعودیە و ئیسرائیلیش.

جەوهەری ئەم ئاڕاستەیە ئەو ڕاستییە دەخاتەڕوو کە ئەمریکا بۆ دەستنیشانکردنی داهاتووی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بڕوای بە بەردەوامبوون نییە لەسەر شێوازی (سایکس بیکۆ)کەی جاران، هەروەها لایەنگیری گوشارەکانی دابەشکردن ناکات، زۆر باشیش دەزانێت پرۆژەی بایدن بۆ دابەشکردنی عیراق فاکتەرێکی تازەی دروست کرد بۆ زیادکردنی هۆکارەکانی نیگەرانی لە ناوچەکەدا.

سەرەڕای ئەمانەش ئەمریکا سەرنج دەدات لەو پەرەسەندن و گۆڕانکارییانەی لە ناوچەکەدا ڕوودەدەن، بەتایبەتی ئەوانەی لە سووریا و عیراقدا دەقەومێن، کە بە شێوازێکی زۆر خێرا ڕوودەدەن، کە پێویستییان بە گۆڕینی فرەچەشنەی تاکتیکاتی سیاسیی کردارەکییە. ئەمەمان سەرنج دا لە کاتی ڕوودانی ئەو ڕووداوانەی لە سووریادا



بۆ ماوەی سێ ساڵە بەردەوامییان هەیە، بارودۆخەکانی سووریا هەمان بارودۆخی سەرەتای دەسپێکردنەکانی نییە، ئەمە لە عیراقیشدا بەو جۆرەیە، ئەو رووداوانەی ئەم دوو ساڵەی پێشوو کە بوونەتە هۆی لاوازکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت و گەیشتە ترۆپك لە ساتەوەختی کۆنترۆڵکردنی شاری موسڵ لە ٢٠١٤/٦/٩و بە تەواوەتی دەرهێنانی لەبندەستی دەوڵەت، تا گەیشت بەم پەرەسەندنانەی ئاگری شەڕ بگەیەنرێتە سەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان.

ئەم پەرەسەندنانەی لە عیراقدا قەوماون (بەتایبەتی ئەوانەی لەسەر سنووری هەرێمی کوردستان روویاندا) ئەمریکای سەغڵەت کردو هەر بۆیە خستیە بارێکی وەهاوە کە بەپەلە بجووڵێتەوە بۆ بینینی رۆڵێکی کارا لە مامەڵەکردن و هەڵوێست وەرگرتندا، ئەمریکا پێشتر تەنیا تەماشاچی رووداوەکانی عیراق بوو، بێ ئەوەی هیچ دەستێوەردانێکی هەبێت، بەڵام ئەم واقیعە تازەیەی ئێستا کە لە سەرەتای ئابی ٢٠١٤ دەستی پێکردووە بە شێوەیەکی مەترسیدارانە باری هاوسەنگی ناوچەکەی خستۆتە بەر هەڕەشەوە، لەبەرئەوە ئێستا هەڵسەنگاندن بۆ حاڵەتەکە دەکاتەوەو بە بارێکی مەترسیداری دەزانێت، بەتایبەتی کە رووداوەکان سیماکانی جینۆسایدیان بۆ ناوچەکە گەڕاندۆتەوە، لەبەرئەوە ئۆباما لە ٢٠١٤/٨/٧وە بڕیاری لەسەر لێدانی پێگەی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی خستە واری جێبەجێکردن، بەو مەرجەی نەگاتە ئاستی دەستێوەردان بەناردنی هێزی زەمینی.

پرسیارەکە لێرەدا کە دەوروژێت، ئەوەیە بۆچی سەرۆك ئۆباما ئەم بڕیارەی دەرچوواند، بەتایبەتی لە کاتی گەیشتنی پرۆسە چەکدارییەکانی داعش بۆ سەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان؟

لە ناو گرنگترین هۆکارەکاندا کە سەرۆك ئۆباما باسی لێوەکرد، ئەمانەن:

- سەرۆك ئۆباما وتی: (مۆڵەت دەدەم بە ئاڕاستەکردن و وەشاندنی گورزی ئاسمانی ئامانج دیاریکراو ئەگەر پێویست بکات، بۆ هاریکاری هێزەکانی عیراق و پێشمەرگە لە جەنگەکەیاندا)
- دوورخستنەوەی رووداني جینۆساید بەتایبەتی ئەو جینۆسایدەی بەنیازن لە دژی ئێزیدییەکان ئەنجامی بدەن و پاراستنی هەڵاتووەکانی ئێزیدی بەرەو چیای شنگال.
- رێگەگرتن لە پێشڕەویکردنی چەکدارانی داعش بەرەو هەولێر.
- مانەوە بە چاوکراوەیی و وریاییەوەو وەرگرتنی هەر بڕیار و تەگبیرێك لە ساتەوەختی هەڕەشەکردن لە کارگەو دەزگاکانی ئەمریکا لە هەر شوێنێکی عیراقدا، بەتایبەتی قونسڵیەی ئەمریکی لە هەولێر و سەفارەتی ئەمریکایی لە بەغدا.

بەڵام ئەم دەستێوەردانە ئەمریکیە ناتوانێت بە کتوپڕی کێشەکانی عیراق چارەسەر بکات، بەڵکو چارەسەر لای خودی عیراقییەکان خۆیانە. وەك سەرۆك ئۆباما لەو بارەیەشەوە وتی: (ئاشتبوونەوەی نێوان گرووپە عیراقییەکان و هەڵبژاردنی حکومەتێکی تازە رەنگە بۆ خۆی چارەسەری زۆر لە گرفتەکان و ئەو زەحمەتییانە بکات، کە لە عیراقدا دەقەومێن و دەبێتە هۆی پاڵپشتی پشتگیری لێکردنیان لە لایەن وڵاتانی دراوسێیانەوە.

لەم سیاسەتە نوێیەی ئەمریکادا کە لە بەرانبەر عیراق دەیگرێتەبەر، زەڵمای خەلیل زادی باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە عێراق، دیدو روانینێك پێشکەش دەکات کە ئەمریکا هان دەدات لەسەر دوو ئاستی ستراتیژی کار بکات:

ئاستی یەکەم: گوشارخستنەسەر بەغدا بۆ بەردەوامیدان بە ئەو ئەرکانەی دەبنە هۆی دامەزراندنی حکومەتێکی یەکگرتوو.

ئاستی دووەم: ئامادەسازی لە پێناوی رووبەڕووبوونەوەی ئەو نسکۆ گریمانکراوەی ئاستی یەکەمەوە کە کورد دەگەیەنێتە سەربەخۆیی.

**رایان کرۆکەر راشکاوانە ئاماژەی بەوە کردووە عێراق دابەش بووە و دەبێت مامەڵە لەگەڵ ئەو واقیعە بکرێت**



زالمای خەلیل زاد پێیوایە ئەگەر نەتوانرا حکومەتێکی نیشتمانی یەکگرتوو لەبەغدا پێکبهێنرێت، ئەوا کوردستان دەگاتە سەربەخۆیی

هەروەها ئەوەشی خستەڕوو کە باشترین ئەلتەرناتیف مانەوەی عیراقی فیدراڵییە بە شێوازێکی لاوازی ناوەندگەرێتی، ئەگینا ئەلتەرناتیف تەنیا جەنگی ئەهلییەو بەس.
بەڕای کین پۆلاك توێژەری باڵای پەیمانگەی برۆکینگز لە واشنتۆن، پەرەسەندنەکانی ئەم دواییە هۆکارێکن بۆ ئەوەی گریمانەکانی سەربەخۆیی کوردستان لە جاران نزیکتر و بەهێزتر بن.
بەڵام بە پێی راوبۆچوونی رایان کروکری باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە بەغدا ئەوەیە عیراق لە واقیعدا دابەش بووە بۆ سێ بەش و پێویستە لەسەر ئەو بناغەیە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.
لە پێناوی وەدیهاتنی ئاستی یەکەمدا کە وەك زاڵمای خەلیل زاد ئاماژەی پێداوە، جۆش ئارنست وتەبێژی کۆشکی سپی لە ٢٠١٤/٨/٨ رایگەیاند: واشنتۆن ئامادەیە هێزێکی سەربازی بڵاو بکاتەوە لە عیراق بۆ هاریکاری دژ بە وەستانەوەی لە بەرانبەر داعش لەگەڵ پێکهاتنی حکومەتی تازەی عیراقیدا، بە مەرجێ هیچ کەسی تێیدا وەلانەخرێت،

وتیشی: هیچ چارەسەرێکی سەربازی بۆ کێشەکانی ئێستای عیراق بوونی نییە، گەلی ئەمریکا چارەسەری وا ناخوازێت بۆ کێشەکانی عیراق و تەنیا چارەسە بریتییە لە چارەسەری سیاسی لە ناو عیراقدا. هەروەها وتی: حکومەتی ئەمریکایی داخوازییەکانی حکومەتی عیراقی لە پاڵپشتیکردنی سەربازیدا دەستەبەر دەکات.
بەم شێوەیە لەو پەرەسەندنانەی لە عیراق و لە هەرێمی کوردستان روویاندا، ئەمریکا هەستی بە مەترسی کرد، بۆیە لەم دواییانەدا سەرۆك ئۆباما بڕیارێکی وای دەرچوواند کە نەیدەویست بیدات، پێش ئەم بڕیارەی ئەویش سیاسەتی ئۆباما خۆبەدوورگرتن بووە لەو رووداوانەی لە عیراق قەوماون، بەڵام واقیع بەهێزترەو بڕیارێکی وەهای پێ دەرچوواند کە هەرگیز نەیدەخواست بیدات. پەرەسەندنی رووداوەکانیش بە مەندەوە ناوەستێت، بەدڵنیاییەوە حاڵەتی ناچاوەڕوانکراوی دیکەی لە پێشە، سوپرایزەکان رەنگە ئاراستەکانی رووداوەکان بگۆڕن، کەواتە ئەوەی دێت زەحمەتترە و هەموو لایەنەکان پێویستە خۆیانی بۆ ئامادەبکەن.



# له خواكوڕكه‌وه بۆ سه‌ركردایه‌تیی شه‌ڕی جیهانیی دژی تیرۆریستان



## مقاوه‌مه‌تی پێشمه‌رگه هێنده‌ی رووخانی دیواری به‌رلین كاریگه‌ره



ئەو داعشەی پێشمەرگە رووبەڕووی بووەوە بەمانای وشە دەوڵەتێکی گەورەی تیرۆریستی بووە کە گەورەترین و تازەترین چەکی سەردەمی ئەمریکی و رووسی لەبەر دەست بووە

ئەوەی داعش چاوەڕێی نەبوو، ئەوە بوو کە بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان ستراتیژیەتی بەرگریی هێزی پێشمەرگە بگۆڕێت بۆ هێرشی سەرتاسەری بۆ سەر تیرۆریستان و هێرشەکانی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر کوردستان رابگرێت

دوای رووخانی دیواری بەرلین کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە یەکەم ئەزموونیدا بۆ رووبەڕووبوونەوەی دەستدرێژیی سەدام حوسێن بۆ داگیرکردنی کوەیت، بە یەکدەنگی بڕیاری خۆی دەرکرد و دوو جەمسەری لە جیهاندا بوونی نەما

ئەو داعشەی پێشمەرگە رووبەڕووی بووەوە، ئەو داعشە نەبوو کە ئیمکانییەتی ماددی و دارایی سنووردار بێت، بەڵکو داعشێک بوو کە چەندین ملیار دۆلاری لە بانکەکانی موسڵ و تکریت و دیالە دەستکەوتبوو

ئەو داعشەی کە ماوەی ٦٠ ڕۆژە هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕووبەڕووی دەبێتەوە، ئەو داعشە نەبوو کە لە ١٠ی حوزەیراندا شەش یەکەی سەربازی سوپای عیراق لەبەردەمیدا لەبەریەك هەڵوەشاوە و تەواوی چەك و تەقەمەنی و کەلوپەلی سەربازی بۆ بەجێهێشت. ئەو داعشەی پێشمەرگە ڕووبەڕووی بووەوە ئەو داعشەش نەبوو، کە لەمانگی ڕابردوو لە حەسەکەی سوریا یەك یەکەی سەربازی ڕژێمی سوریا بەتەواوەتی و بەهەموو چەك و تەقەمەنی و کەلوپەلی سەربازییەوە تەسلیمی تیرۆریستانی داعش بوو، ئەو داعشەی پێشمەرگە ڕووبەڕووی بووەوە بەمانای وشە دەوڵەتێکی گەورەی تیرۆریستی بووە کە گەورەترین و تازەترین چەکی سەردەمی ئەمریکی و ڕووسی لەبەر دەست بووە، بەدەیان جبەخانەی تەقەمەنی سەربازی و یەدەگی ئامێرە سەربازییەکان لە موسڵ و تکریت کەوتبووە بەردەستی، ئەو جبەخانە سەربازییانە سوپای ئەمریکا دروستی کردبوون و پڕی کردبوون لە فیشەك و تەقەمەنی و یەدەگی ئامێرە سەربازییەکان، بۆ ئەوەی سوپای عیراق ماوەیەکی دوور و درێژ لەو سنوورانە شەڕی تیرۆر بکات و پێویستی بە هیچ شتێك نەبێت، بەڵام ئەم هەموو گەنجینانە بە تەواوەتی بۆ داعش و دەوڵەتی ئیسلامی تیرۆریستان بەجێهێڵران. ئەو داعشەی پێشمەرگە ڕووبەڕووی بووەوە، ئەو داعشە نەبوو کە ئیمکانییەتی ماددی و دارایی سنووردار بێت، بەڵکو داعشێك بوو کە چەندین ملیار دۆلاری لە بانکەکانی موسڵ و تکریت و دیالە دەستکەوتبوو، ئەمە بێجگە لەوەی ڕۆژانەش بە ڕێگەی قاچاخ نەوتیان دەفرۆشت، هەربۆیە ئەو هێزە تیرۆریستییەی ماوەی ٦٠ ڕۆژ پێشمەرگە بە تەنیاو بەبێ هیچ هاریکارییەکی نێودەوڵەتی ڕووبەڕووی بووەوە، ئەو شەڕە بوو کە تەنیا بەهێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکرێت، کە وێڕای ئەوەی ئیمکانیەتی سەربازی لە هەموو ڕوویەکەوە لەبەرامبەر هێزی تیرۆرستانی داعش و دەوڵەتی ئیسلامی کەمتر بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی پێشمەرگە خاوەنی ئیرادەیەکی پۆڵایین بوو، شەڕی دژە تیرۆری بە جۆرێك وەرچەرخان، کە هەموو جیهان پێی سەرسام بێت و جیهان لە ئیرادەی پێشمەرگەوە بڕیاری دا سنوورێك بۆ تەواوی تیرۆریستان دابنرێت.

**● بە پشت بەستن بە ئیرادەی پێشمەرگە ستراتیژیەتی بەرگری گۆڕا بۆ هێرشکردن**

لەترسی تێوەگلان لەو زۆنگاوەی تیرۆریستان بۆ سەربازانی (ئەمریکا و ناتۆ)یان لە ناوەڕاست و باشووری عیراق و ئەفغانستان دروستیان کرد، هەم ئەمریکا و هەم دەوڵەتانی ناتۆش نەیاندەوێرا جارێکی دیکە بیر لە دەستێوەردانی سەربازی بکەنەوە، بەتایبەتی دەستێوەردانی سەربازی بە ڕێگەی ناردنی هێزی سەربازی زەمینی، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوە بوو کە ماوەی سێ ساڵە نە ئەمریکا و نە دەوڵەتانی یەکێتیی ئەوروپا و هاوپەیمانی ناتۆ کە نەیاندەتوانی بەهیچ شێوەیەك بیر لە گورزی سەربازی، یان دەستێوەردانی سەربازی لە سوریا بکەنەوە، ئەمە وێڕای ئەوەی زیاتر لە ٥٠٪ی دانیشتووانی سوریا ئاوارەی وڵاتانی دراوسێ بوون، بە دەیان هەزار کەسیش کۆمەڵکوژ کراون و بوونەتە قوربانی، تەنانەت سەبارەت بە ڕەفتارەکانی بەشار ئەسەد بەرامبەر بە گەلی سوریا زۆر لە سیاسەتمەدار و



سەرکردەکانی جیهان، ئاماژەیان بەوە کردبوو کە ئەسەد لاسایی میلۆسۆڤیچ دەکاتەوە و دەبێت دەستێوەردانی سەربازی بە پەلە بکرێت. لەمەش زیاتر باراك ئۆبامای سەرۆکی ئەمریکا بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لەلایەن رژێمی ئەسەدەوە بە هێڵی سوور داناو جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، ئەگەر ئەسەد چەکی کیمیاوی بەکار بهێنێت، ئەوا دەستێوەردانی سەربازی دەکات، بەڵام وەك هەموو جیهان بینی و نەتەوە یەکگرتووەکان سەلماندی کە ئەو چەکەی بەکارهێناوە، بەڵام دیسان نەتوانرا بڕیاری دەستێوەردانی سەربازی، یان وەشاندنی گورزێکی سەربازی بە فڕۆکە، یان ڕۆکێت دژی رژێمی دیمەشق بگیرێتەبەر.

ئەم ترسە گەورەیەی ئەمریکا و رۆژئاوا لەدوای دەستێوەردانی سەربازی لە لیبیا و رووخاندنی رژێمی موعەمەر قەزافی لە ساڵی ٢٠١١ زیاتر بوو، لەبەر ئەوەی دوای رووخانی رژێمەکەی قەزافی خەڵکانێك دروستبوون لەبری ئەوەی سوپاسی هێزەکانی ئەمریکا و ناتۆ بکەن، ئەوان خۆیان دبلۆماتەکانی ئەمریکایان لەناو لیبیا قەتلوعام کرد. ئەمەش ئەو قەناعەتەی لای ئیدارەی ئەمریکا و سەرانی ناتۆ دروستکردبوو، بەوەی دەستێوەردانی سەربازی ناتوانێت کێشەی تیرۆر چارەسەر بکات و زیاتر تیرۆریستان بەهێزتر دەکات. هەر بۆ نموونە ئێستا ئیدارەی ئەمریکی لە سوریا لە نێوان دوولایەندایە کە یەکێکیان هاوپەیمانی نێوان رژێمی ئەسەد و حزبولڵایە و ئەوی دیکەشیان تیرۆریستانی قاعیدەیە، ئەوەی یەکەمیان ئەسەد و حزبولڵا هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ تیرۆریستان نییە و ئەوی دووهەمیشیان کە داعشە لە رێکخراوی قاعیدە تیرۆریستترە، بۆیە ئەمریکا لە سوریا کەوتۆتە نێوان دوو هێزەوە کە هەردووکیان بە شەیتانی گەورە ناوزەدی دەکەن.

ئەم پرسە بۆ باشوور و ناوەڕاستی عیراقیش بە هەمان شێوە بوو، لەبەر ئەوەی ئەمریکا بەو جۆرە سەیری هاوکێشەی سیاسیی عیراقی دەکرد، ئەگەر هاوکاریی حکومەتی بەغدا بەسەرۆکایەتیی نوری



مالیکی بکات، ئەوا راستە مالیکی لەوانەیە بتوانێت ئەو شوێنانە بگرێتەوە، بەڵام لە هەمانکاتدا شەڕێکی خوێناوی ئەوتۆ لە نێوان عەرەبی شیعە و سوننە دروست دەبوو، کە کۆمەڵکوژی و ژینۆساید بەدوای خۆیدا بهێنێت، ئەگەر یارمەتی عەرەبی سوننەش بدات، ئەوا دەبێت پێشوەختە بەدوای ئەو سەرکردە سوننییانە بگەڕێت کە لەناو عەرەبی سوننە پێگە و نفووزیان هەیە، هەروەها دۆستی ئەمریکاش بن ، بۆیە لەدوای رووداوەکانی موسڵ ئەمریکا پرسی هاریکاریی دەوڵەتی عیراقی گرێدایەوە بە راستکردنەوەی پرۆسەی سیاسی و پێکهێنانی حکومەتی نوێی عیراقەوە دوای گۆڕینی نوری مالیکی بە کەسێکی دیکە. بەرامبەر بە هەرێمی کوردستانیش، لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان مانەوەی کوردستانی لەناو عیراقدا بەستبۆوە بە جێبەجێکردنی تەواوی بڕگە و مادده دەستوورییەکانی عیراق و حکومەتی بەغداش لەسەر دەستی نوری مالیکی بەرەو تاکڕەویی دیکتاتۆری هەنگاوی هەڵگرتبوو، ئەوا ئەمریکاش لەترسی دابەشبوونی عیراق و دروستبوونی شەڕی مەزهەبگەرایی نێوان شیعەو سوننە، لەسەر دوو ئاست گوشاری خستبووە سەر کوردستان بۆ ئەوەی هەنگاو بەرەو سەربەخۆیی تەواو هەڵنەگرێت، لایەنی یەکەمی گوشارەکەی بریتی بوو لە رێگرتن لە کڕینی نەوتی کوردستان، لایەنی دووەمیشی بریتی بوو لەوەی رێگە نەدات هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە ئاستی سوپای دەوڵەتێك پڕچەك بکرێت، بۆ ئەمەش نە حکومەتی عیراق بودجە و مووچەی پێشمەرگەی دەدا، هەروەها چاوپۆشی لەوەش کردبوو کە لەچوارچێوەی پەرەپێدانی توانای سوپای عیراق بە هەمان ئاست هێزی پێشمەرگە پەرەی پێبدرێت و بە هاوشێوەی سوپای عیراق چەکدار بێت. بەڵام دوای داگیرکردنی موسڵ لەلایەن داعش و دامەزراندنی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی واقیعێکی تازە هاتەپێشەوە، لەنێو ئەم واقیعە تازەیەشدا ئیرادە و مقاوەمەتی پێشمەرگە واقیعێکی تازەتری دروستکرد، ئەو واقیعە تازەیەش ئەوە بوو کە پێشمەرگە بە جیهانی سەلماند، هێشتا ورە و ئیرادە بۆ شەڕی دژە تیرۆر بوونی هەیە و ئەگەر دەتانەوێت شەڕی دژە تیرۆر بکەن، دەتوانن هاوکاریمان بکەن.



### ● سەرۆك بارزانی پێش هاریكاری نێودەوڵەتی ستراتیژیەتی هێرشكردنی بۆ سەر تیرۆریستان راگەیاند

سەرۆك بارزانی فەرماندەی گشتیی هێزەكانی پێشمەرگەی كوردستان لەسەرەتاوە نەیویست هێزەكانی پێشمەرگە لە شەڕێكەوە بگلێن كە شەڕەكە شەڕێكی جیهانی و نێودەوڵەتییە و ناكرێت پێشمەرگە بە تەنیا بكەوێتە شەڕێكەوە كە پێویستە هەموو هاوپەیمانانی دژە تیرۆر بیكەن، لەمەش زیاتر بە حوكمی ئەوەی ناوچەكانی عەرەبی سوننە لەلایەن داعشەوە كۆنترۆڵ كرابوون، هەروەها بەهۆی تێكەڵكردنی داخوازیی رەوای عەرەبی سوننە لەگەڵ تیرۆریستان لەلایەن حكومەتی بەغداوە، ئەوا تێكەڵبوونی پێشمەرگە لەو شەڕەدا، دوور نەبوو جۆرە حەساسییەت و دوژمنایەتییەكیش لەنێوان كورد و عەرەب دروست بكات.

هەربۆیە ستراتیژییەتی سەرۆك بارزانی بۆ جووڵەی پێشمەرگە لەسنووری بەرگریكردن لە كوردستان دیاری كرا، ئامانجی ئەم ستراتیژە بۆ ئەوە بوو ، شەڕی دژی تیرۆریستان پێش ئەوەی پێویستی بە كاردانەوەی سەربازی بێت، پێویستی بە بەرنامەیەكی سیاسیی هەمەلایەن هەیە، پێش هەموان جیاكردنەوەی داخوازییە رەواكانی عەرەبی سوننەیە لە تیرۆریستان كە دەبێت جیابكرێتەوە، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی پێكهاتەی عەرەبی سوننە لە شەڕی دژە تیرۆردا رۆڵێكی كاریگەریان هەبێت، هەروەك چۆن لە ساڵی ٢٠٠٧ و لە چوارچێوەی ئەو ستراتیژەی سەرۆك بوش پیادەی كرد، عەرەبی سوننە توانییان شكستێكی گەورە بە سەر تیرۆریستانی رێكخراوی قاعیدە بهێنن.

ئەم ستراتیژەی سەرۆك بارزانی لە زۆر لاوە تەفسیری ناجۆر و لابەلای بۆ كرا، تەنانەت نوری مالیكی سەرۆك وەزیرانی عیراق تۆمەتی بۆ هەولێر دروستكرد، هەروەها ئەمریكاش نەیدەویست واقیعی تازەی دوای داگیركردنی موسڵ قبوڵ بكات، بۆیە پرسەكە گەیشتە ئەوەی كە لەماوەی دوو مانگدا هیچ هاوكارییەكی پێشمەرگە نەكرێت.

لەبەرامبەر هەڵوێستی ئەمریكا و حكومەتی عیراق، دیارە تیرۆریستانی داعشیش كە دوای خۆبەدەستەوەدانی سوپای عیراق لە موسڵ و تكریت، هەروەها خۆبەدەستەوەدانی یەكەیەكی سەربازی رژێمی ئەسەد لە رەقە بەجۆرێك غروور بیبوون، كە بیر لەوە بكەنەوە هەرێمی كوردستانیش داگیر بكەن، بۆ ئەمەش پیلانی داگیركردنی قەزای (شەنگال)یان دانا، هەڵبژاردنی قەزای (شەنگال)یش وەك ئامانجی یەكەم بۆ داگیركردنی كوردستان لەبەر چەند هۆكارێك بوو:

١. جوگرافیای شەنگال بەو جۆرەیە كە لە دهۆك و زاخۆوە زۆر دوورە، هەروەها لەنێوان شەنگال و دهۆكدا كۆمەڵێك گوندی عەرەب هەن كە دەبنە بەربەست لەبەردەم گەیشتنی هاریكاریی پێشمەرگە بۆ قەزای شەنگال.

٢. لەبەر ئەوەی بەشی زۆری دانیشتووانی قەزای شەنگال كوردی ئێزدین، ئەوا بەرنامەیان بەو شێوەیە بوو كە لەبەر جیاوازیی ئایینی ئەنفال بەسەر بەشێكی نەتەوەی كورد بكەن و سەروماڵیان ببەن و ژنەكانیشیان بكەن بە جاریە و بەسەر تیرۆریستاندا دابەشی بكەن. بەمەش ترس و تۆقاندن بخەنە ناو خەڵكی كوردستان و نەتوانن مقاوەمەت بكەن.

٣. گەرنتی شەنگال بۆ تیرۆریستانی داعش، پێكەوە گرێدانەوەی سوریا و عیراق بوو بە تەواوەتی و كردنەوەی بەرەیەكی هاوبەش بوو بۆ تیرۆریستانی داعش بۆ ئەوەی لەگەڵ چەكدارەكانیان بە هاوبەشی هێرش بكەنە سەر كوردستان.

٤. بەهۆی ئەو چەك و ئیمكانییەتە زۆرەی لەبەردەستی تیرۆریستانی داعش بوو، لە روانگەی سەربازییەوە باڵانسی هێز لە بەرژەوەندیی تیرۆریستاندا بوو، هەروەها شەڕی تیرۆریستانیش بۆ پێشمەرگە شەڕێكی تازە بوو، بۆیە پیلانی تیرۆریستان بەو جۆرە بوو لەگەڵ وەشاندنی یەكەم هێرش وورەی پێشمەرگە بڕووخێنن و هێرشەكەیان سەركەوتوو بێت، لەمەش زیاتر تیرۆریستانی داعش لەو بڕوایەدا نەبوون پێشمەرگە توانای هێرشی بەرامبەری هەبێت.

دیارە تیرۆریستانی داعش بەهەر شێوەیەك بێت، توانییان بەشێك لە پیلانەكەیان جێبەجێ بكەن و شەنگال داگیر بكەن، لەمەش زیاتر توانییان كۆمەڵكوژیش بكەن و ژمارەیەك كچ و ژنی كوردیشیان بردو بەسەر تیرۆریستاندا وەك جاریە دابەشیان كردن، زیاتر لە ٢٠٠هەزار هاووڵاتی كوردی ئێزدیش ئاوارەی چیای شەنگال بوون. بەڵام ئەوەی داعش چاوەڕێی نەبوو، ئەوە بوو كە بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆكی كوردستان ستراتیژیەتی بەرگریی هێزی پێشمەرگە بگۆڕێت بۆ هێرشی سەرتاسەری بۆ سەر تیرۆریستان و هێرشەكانی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر كوردستان رابگرێت.

ئەم بڕیارە گرنگەی سەرۆك بارزانی و بەردەوامی هێزەكانی پێشمەرگە بۆ گرتنەوەی هەموو ناوچەكانی شەنگال و كردنەوەی رێگە بۆ رزگاركردنی ئاوارەكانی شەنگال پێش ئەوەی هێرشە ئاسمانییەكانی ئەمریكا دەست پێبكات، بووە هۆكاری





ئەوەی کە تێڕوانینی ئەمریکا و هاوپەیمانانی دژە تیرۆر لەشەڕی دژە تیرۆردا لە بێ ئومێدبوون لەشەڕی دژە تیرۆرەوە، لە ئیرادەی پێشمەرگەوە هیوایەك بۆ شەڕی دژی تیرۆریستان دروست بێتەوە، لێرەدا بەچەند خاڵێك ئاماژەی پێدەکەین:

● پێش ئەم مقاوەمەتە بێ وێنەیەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ئەمریکا و هاوپەیمانانی دژە تیرۆر و هاوپەیمانی باکووری ئەتڵەسی، لەشەڕی دژەتیرۆر نائومێد بوون، نائومێدییەکەشیان بەو جۆرە بوو کە نەتوانن بەرامبەر کۆمەڵکوژیی رژێمی ئەسەد و فراوانبوونی رێکخراوی تیرۆریستی داعش هەتا گەیشتە ئەوەی ببنە دەوڵەتێکی تیرۆریستی دەستەوەستان بن.

● پێش ئەم مقاوەمەتەی پێشمەرگە، تیرۆریستان هێندە کێشەی بێ چارەسەریان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی جیهانی ئیسلامی دروستکردبوو، کە ئیدارەی سەرۆك ئۆباما نەیدەتوانی بڕیار بدات، ئەمەش نەك هەر مەزندەی چاودێرێکی سیاسی بێت و بەس، بەڵکو بیرمەندێکی وەك ریچارد هاس کە لەسەردەمی کلینتۆن سەرۆکی ستافی پلاندانەران بووە لە وەزارەتی دەرەوە، راشکاوانە ئەوە بڵێت کە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا کار ناکات و دەستەوەستانە لە ئاستی کێشەکان، باڵیۆزی ئەمریکا بۆ کاروباری سوریا راشکاوانە بڵێت: (من بۆیە دەستم لەکار کێشایەوە، لەبەر ئەوەی چی دیکە ناتوانم بەرگری لە سیاسەتی وڵاتەکەم بەرامبەر سوریا بکەم)، وەك تۆماس فریدمان لە رۆژی ٧ی ئاب پێناسەی سەرۆك ئۆبامای کردووە و نووسیویەتی: سەرۆك ئۆباما نیوەی سەری بەهۆی ئەو کێشانەوە سپی بوو، نیوەکەی تریشی داناوە بزاڤی پارتی چا ( Tea party) سپی بکات، بەڵام مقاوەمەتی پێشمەرگە هەموو ئەو گرێیانەی بۆ سەرۆك ئۆباما کردەوە، سەرۆك ئۆباما لە دیمانەکەی لەگەڵ تۆماس فریدمان بۆ نیۆرك تایمز، راشکاوانە ئەوەی روونکردۆتەوە بەوەی بۆچی توانی بۆ کوردستان بڕیار بدات و نەیتوانی بۆ سوریا و بەشەکانی دیکەی عیراقیش بڕیار بدات.

● مقاوەمەتی هێزی پێشمەرگە، جارێکی دیکە ریزەکانی دەوڵەتانی دژەتیرۆری رێکخستەوە، دیارە پێش ئەم مقاوەمەتەی هێزی پێشمەرگە، هەموومان هەڵوێستی هەموو دەوڵەتانی ئەورووپا و ئەمریکامان لە کۆنگرەکانی ژنێف یەك و ژنێف دوو بینیوە، کە چۆن نەیاندەتوانی بەهیچ شێوەیەك بڕیار بدەن، لە کاتێکدا کۆمەڵکوژییەکی زۆر گەورەتر لەوەی شەنگال لە سوریا لەسەر ئەرزی واقیع بوونی هەبوو. بەڵام مقاوەمەتی هێزی پێشمەرگە وایکرد، تەنها لەماوەی چەند کاتژمێرێکدا پێشنیارەکەی فەرەنسا بێتە واری جێبەجێکردن و ئەنجوومەنی ئاسایش کۆبێتەوە و بەکۆی دەنگی هەر ١٥ ئەندامەکەی سەرکۆنەی کارەکانی داعش لە شەنگال بکەن، سەرۆك ئۆباما بڕیار بدات کە دەست بە هێرشی ئاسمانی بکرێت.

● بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم بۆچوونە، خوێنەری ئەم دێڕانە دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ سەر پەیامەکەی سەرۆك ئۆباما کە بەرەبەیانی رۆژی هەینی بڕیاری دا، هێرشەکان دەست پێبکات، سەرۆك ئۆباما لە یەکەم قسەیدا دەڵێت: هەموو ئەوانەی پێیان دەگوتین کەس نییە هاوکاریمان بکات، ئەوا ئێمە بڕیارمان دا هاوکاریتان بکەین.

● **مقاوەمەتی پێشمەرگە وەرچەرخانێك به ئاستی رووخانی دیواری بەرلین**

هەتا رووخانی دیواری بەرلین گەورەترین کێشە و ئاستەنگ لە بەردەم بڕیاردان لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی سەروەریی دەوڵەت و دابەشبوونی دەوڵەتەکان بوو، بەسەر هەردوو جەمسەری رۆژهەڵات و رۆژئاوادا، بۆیە دوای رووخانی دیواری بەرلین کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە یەکەم ئەزموونیدا بۆ رووبەڕووبوونەوەی دەستدرێژیی سەدام حوسێن بۆ داگیرکردنی کوەیت، بە یەکدەنگی بڕیاری خۆی دەرکرد و دوو جەمسەری لە جیهاندا بوونی نەما، بەڵام لە کارەساتی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ دوای تەقاندنەوەی هەردوو باڵەخانەی رێکخراوی بازرگانیی جیهانی لە نیویۆرك لەگەڵ ئەوەی هەموو جیهان پێکەوە سەرکۆنەی تیرۆری کرد، بەڵام خودی سەرهەڵدانی تیرۆر بەو فراوانییە دووبارە جیهانی لە ژێر بیانووی جۆراوجۆردا دابەش کردەوە، هەر بۆیە دوای رووخانی ئیمارەتەکەی مەلا عومەر لە ئەفغانستان، کۆدەنگیی جیهانی بەرامبەر بە تیرۆریستان دروست نەبوو، تەنانەت جۆرج بوش لە دەرەوەی چەتری نێودەوڵەتی رژێمی سەدام حوسێنی رووخاند، هەروەها لەهێرشی ناتۆ بۆ سەر لیبیا و رووخانی رژێمی موعەمەر قەزافی تەنانەت لە ناو ناتۆش یەکڕیزیی دروست نەبوو، لە کێشەی سوریاشدا ئەوە ماوەی سێ ساڵە باردۆخەکە دەبینین. لەدوای ٩ی حوزەیرانیشەوە کە ماوەی دوو مانگە داعش خەلافەتی ئیسلامی لە دوو وڵات راگەیاندووە، نەتوانرا کۆدەنگیی نێودەوڵەتی بەرامبەر تیرۆریستانی داعش دروست بێت.

کەواتە واقیعی ١٣ ساڵی دوای کارەساتی ١١ی سێپتەمبەر و چوارساڵی دوای گۆڕانکارییەکانی وڵاتانی عەرەبی و سێ ساڵی دوای شۆڕشی سوریا، ئەو راستییە بە جیهان دەڵێت، کۆدەنگیی جیهان لەبەرامبەر رووداوەکانی شەنگال و کارە تیرۆریستیەکانی داعش، بۆ ئەوە



ناگەڕێتەوە کە جیهان هەڵوێستێکی تازەی گرتۆتەبەر، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی مقاوەمەتی هێزی پێشمەرگە لەسەر ئەرزی واقیع و لە بەرەکانی شەڕی دژە تیرۆریستاندا واقیعێکی تازەی دروستکردووە کە هەڵوێست و بیرکردنەوەی تازەی دەوێت، ئەو واقیعە تازەیەش کۆتایی بەو باردۆخەی پێشان هێنا کە ئەمریکا و ناتۆ لە ناویدا بەمجۆرە بوون:

١. بەپێی دیراسەتێکی زانکۆی هارڤارد، ئەمریکا بۆ شەڕی ئەفغانستان و عیراق زیاتر لە ٦ ترلیۆن دۆلاری خەرج کردووە، ئەم ٦ ترلیۆن دۆلارە دەکاتە بودجەی ٣٠ساڵی هەردوو دەوڵەتی ئەفغانستان و عیراق، بەڵام ئەمریکا لەهەردوو دەوڵەتەکە نەیتوانی تەنها ٣٠ کیلۆمەتر بکاتە هاوپەیمانی خۆی.

٢. ئەمریکا و ناتۆ لە عیراق و ئەفغانستان بە هەزاران سەربازیان کوژراو بە دەیان هەزاریان برینداربووە، بەڵام عەرەبی عیراق و ئەفغانییەکان شەڕەکانیان لەبەرامبەر ئەمریکا و ناتۆ وەك جیهاد سەیر دەکەن و بۆ کوشتنی سەربازانی ئەمریکا وناتۆ پشتگیریان لێدەکرێت.

٣. ئەمریکا لە کۆتایی ٢٠١١ لە عیراق کشایەوە، بەڵام لە ٢٠١٤ عیراق بە واقیعی بوونی نەما، ئێستا دەیەوێت بە هەر نرخێك بێت لە ئەفغانستانیش بکشێتەوە.

٤. دوای ساڵی ٢٠١١ ش کە بارودۆخی لیبیای هاتەسەر هێندەی دیکە ئەمریکا و ناتۆ نائومێد بوون و گەیشتنە ئەو قەناعەتەی جارێکی دیکە پەنا بۆ دەستێوەردانی سەربازی نەبەن. بەڵام مقاوەمەتی پێشمەرگە و چۆکدادانی داعش لەبەردەم ئیرادەی پێشمەرگە، کۆتایی بەم هەموو بارودۆخە هێنا. بۆیە دوای ئەوەی جیهان هەستی کرد کە هەرێمی کوردستان ئەو تەنها شوێنەیە لە هەموو جیهاندا کە دەتوانرێت شەڕی دژە تیرۆری تێدا بکرێت، ئەوا کۆدەنگیی نێودەوڵەتی دروستکرد و ئەو گرێ گەورەیەشی بۆ سەرۆك ئۆباما کردەوە کە نەیدەتوانی بڕیار بدات. فریدمان گووتەنی نیوەی سەری سپی بوو بەدەست کێشەکانەوە، نەیدەتوانی بڕیار بدات.

نەزهەت حالی

بەڕێوەبەری ئاژانسی پاراستنی کوردستان بۆ گوڵان:

# شەڕی تیرۆریستان بۆ هێزی پێشمەرگە شەڕێکی تازەیە و دەبێت باشتر رابهێنرێن و هەموو کەموکورتیەکانی کەرتی سەربازیش چارەسەر بکرێت

ئەنجامدانی کاری خۆکوژی و تیرۆریستی و مامەڵەکردن لەگەڵ گروپی بچووک بچووکی تیرۆریستان لەلایەن دەزگاکانی هەواڵگری و ئاسایش و دەزگاکانی دژە تیرۆر، قۆناخێك بوو کە تاڕادەیەکی باش مەشق و راهێنانی لەسەر کرابوو، هەروەها لای ئەو دەزگا پەیوەندارانە ئەزموون و شارەزاییی دروست بوو بوو، بەڵام لەدوای رووداوەکانی موسڵ و کۆنترۆڵکردنی خاکێکی فراوان لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە و هەروەها دامەزراندنی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی لەلایەن داعشەوە، شەڕی تیرۆریستان کەوتە قۆناخێکی نوێ کە لەوانەیە پێشتر بەو ئاستە مەزندەی بۆ نەکرابێت، کە ئەویش شەڕێکی سەربازی هەمەلایەنەیە کە سنورێکی هێجگار فراوانی لەگەڵ پێشمەرگە دروست کرد، کە تەواو تەواو ئەم شەڕە بۆ پێشمەرگە نوێ بوو، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم شەڕە نوێیەی تیرۆریستان و چۆنیەتی خۆئامادەکردن بۆ ئەم شەڕە، ئەم دیمانە تایبەتەمان لەگەڵ بەڕێز نەزهەت حالی بەڕێوەبەری ئاژانسی پاراستنی کوردستان ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.



*** ئێستا هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شەڕێکی سەختدایە لەگەڵ تیرۆریستانی داعش و ئەم شەڕەش بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان شەڕێکی نوێیە، بەڵام بۆ دەزگاکانی هەواڵگری تازە نییە، ئایا بەڕێزت وەك بەڕێوەبەری ئاژانسی پاراستنی کوردستان چۆن سەیری ئەم شەڕە دەکەیت؟**

- ئاژانسی پاراستنی کوردستان و ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان و دەزگاکانی ئاسایش، لە پێش ساڵی ٢٠٠٣شەوە لەشەڕدابن دژی تیرۆریستان، بەڵام شەڕی دژە تیرۆر لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ بارودۆخێکی وا هاتە ئاراوە کە تیرۆریستان بتوانن زیاتر گەشە بکەن و ژمارەیەکیش لە تیرۆریستانی نێودەوڵەتیش کە پێشتر لە ئەفغانستان بوون ئەوانیش روویانکردە عێراق و بەناوی جیهادکردن دژی ئەمریکیەکان و هێزەکانی کەوتنە ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی، هەروەها توانییان چەندین کاری تیرۆریستیش لە هەرێمی کوردستان ئەنجام بدەن، کە دیارترینیان کارە تیرۆریستیەکەی (١)ی شوباتی ساڵی ٢٠٠٤ بوو. لەم یەك دوو ساڵەی دواتریش تادەگاتە داگیرکردنی موسڵ لەلایەن تیرۆریستانەوە، شەڕی دژە تیرۆر دیسان گۆڕانی بەسەردا هاتوو لە کاری گرووپی بچووك و خۆکوژی و ئوتومبێل تەقاندنەوە، وەك ئێستا دەبینین

**بەڕێز مسرور بارزانی راوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان هەموو جیهانی لەمەترسیەکانی داعش ئاگادار کردەوە، ئێستا لەسەر ئاستی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و دەوڵەتە گەورەکانی جیهان هەستیان بەو مەترسییە گەورەیە کردووە**

خاکێکی زۆریان داگیرکردووە و لە سەر ئاستی بەرەیی شەڕ دەکەن، بۆیە ئەگەر پێشتر شەڕی دژە تیرۆر زیاتر شەڕی دەزگا هەواڵگرییەکان و دەزگاکانی ئاسایش بووبێت، ئەوا ئێستا شەڕەکە زۆر بەرفراوان بووە، بۆتە شەڕێکی سەربازی هەمەلایەنە .

ئەوەی ئێمە تێبینیمان کردووە لە دروستبوونی داعشەوە شەڕەکە گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە و دروستبوونی داعشیش چەندین پرسیار هەڵدەگرێت، وەك دەربازبوونی ئەو هەموو تیرۆریستانە لە زیندانەکانی عێراق، چوونی داعش بۆ سوریا، ئەو رۆڵە خراپەی لەسوریا گێڕایان بۆ لە ناوبردنی سوپای ئازاد (جیش الحر) لە سوریا، لەباربردنی شۆڕش و راپەڕینەکانی خەڵکی سوریا، ئەمانە هەموو ئەو پرسیارانەن و ئاماژەن بۆ ئەوەی بزانین ئەم کارانە خزمەتی کێ و سیاسەت و ستراتیژی چ لایەك دەکەن، پاشانیش پێگەیان لەعێراق.

بەداخەوە ئێستا بارودۆخێك دروست بووە کە لەناوچەی سوننە نشینەکان تیرۆریستانی داعش باڵادەستن و ئەو ناوچانەیان کۆنترۆڵ کردووە، خەلافەتیان دامەزراندووە، سنووریان لەنێوان عێراق و سوریا نەهێشتووە، هەروەها ئەو هێرشەی کردیانە سەر هەرێمی کوردستان و ئەو تاوانانەی دەرهەقی خەڵکی کوردستان لە ناوچەکانی شەنگال و شوێنەکانی دیکە ئەنجامیاندا، هەر لە کوشتنی بە کۆمەڵ و بردنی ژمارەیەکی زۆر لە ئافرەتانی کورد دابەشکردنی بەناوی جاریەوە بەسەر تیرۆریستاندا، ئەمانە برینێکیان دروستکردووە کە سارێژکردنی زۆر کاتی دەوێت و دەبێت هەتا ساڵانێکیشی پێبچێت، بەدوای ئەو کەسانە بگەڕێین بۆ ئەوەی دەستگیریان بکەین و رێوشوێنی یاسایی دەرهەقیان جێبەجێ بکەین.

ئەگەر لێرەوە سەرنجی خۆم سەبارەت بە هێزی پێشمەرگە و شەڕی تیرۆریستانی داعش پیشانبدەم، ئەوا دەبێت ئەو راستیەمان لەبەرچاو بێت، ئەم شەڕە بۆ پێشمەرگە تازەیە، لەبەر ئەوەی هێزی پێشمەرگە لەسەر شەڕی دژە تیرۆر راهێنانی نەکردووە، لەبەر ئەوەی شەڕی دژە تیرۆر ئەو شەڕەیە کە دەبێت بەرنامە و تاکتیکی تۆکمە بۆ رووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستان دابڕێژرێت، بۆیە پێدەچێت ئەم لایەنە هۆکار بێت بەوەی هەندێك جار وەك ئەوەی لە شەنگال روویدا هەستمان کرد پێشمەرگە وەك پێویست نەیتوانی بەرامبەر تاکتیکی تیرۆریستان بەرنامەی پێویستی هەبێت، ئەمە لەکاتێکدا ئێمە وەك ئاژانسی پاراستن ئەرکی سەرشانی خۆمان بەرێکوپێکی جێبەجێ کردووە و سەرکردایەتی سیاسییش ئاگادارە، کە زانیاری پێویستمان گەیاندۆتە هێزەکانی پێشمەرگە. بە هەرحاڵ هۆکارەکە نەبوونی مەشق و راهێنانی پێویست بێت بۆ شەڕی دژی تیرۆریستان یان کەمتەرخەمی بێت، دەبێت بە جددی هەڵوەستەی لەسەر بکرێت.

**جیهان گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی داعش ناسنامەیەکی نێودەوڵەتی هەیە و ئەگەر بە پەلە هاوکاری هەرێمی کوردستان نەکات کارەساتی مرۆیی روودەدات**

*** ئێوە ئاگاداری جووڵەی داعش بوون پێش کۆنترۆڵکردنی موسڵ، هەروەها دەبێت ئاگاداری جووڵەی داعشیش بووبن پێش داگیرکردنی شەنگال، ئایا بۆچی وەك پێویست پلانی بەرگری دانەڕێژرا؟**

- بەڵێ چەند رۆژێك بەر لەوەی داعش هێرش بکاتە سەر موسڵ ئێمە ئاگاداربووین و زانیاریمان هەبوو، بەڵام ئەو لەبەریەکهەڵوەشانە سەربازییەی روویدا ئەوەیان شتێکی زۆر کوتوپڕ و جێگەی سەرسامی بووە، بە تەئکید مەزندەی ئەوە نەدەکرا سوپای عێراق بەو جۆرە و بەو خێراییە لەبەر یەك هەڵبوەشێت و ئەو هەموو چەك و تەقەمەنی و ئامێرە سەربازیانە بکەونە دەستی تیرۆریستانی داعش، تەنانەت شکانی سوپای عێراق بەو جۆرە کاریگەری سلبی لەسەر وەرەی پێشمەرگەی کوردستانیش دروستکرد، هەروەها ئەمە بووە هۆکاری ئەوەی لەماوەیەکی کورتدا داعش ناوچەیەکی زۆر بە موسڵیشەوە کۆنترۆڵ بکات و پێگەی خۆی قایم بکات، تەنانەتە داعشیش مەزندەی ئەوەی نەدەکرد بەو خێرایە ئەو هەموو ناوچەیە کۆنترۆڵ بکات. لەمەش زیاتر ئەو هەموو چەکەی کە داعش لەم شەڕانە دەستی کەوت، چەکی دەستی سوپایەکی مۆدرێن بوو، چەندین جبەخانەی چەکی لە تکریت کەوتە بەردەست کە هێجگار زۆر بوو، لەم دوایەش لە ناوچەی حەسەکە لە سوریاش چەکێکی زۆریان کەوتە دەست.

*** ئایا ئەمانە هۆکاربوون بۆ ئەوەی شەنگال بگیرێت؟**

- پێش هەموو شت دەبێت لە جوگرافیای شەنگالەوە دەست پێبکەین، ئاشکرایە شەنگال لەرووی جوگرافیەوە کەوتە شوێنێك کە زۆر هەستیار و ستراتیژییە و زۆربەی دانیشتوانەکەشی کوردن، لە زاخۆ و دهۆکەوە دوورە و ماوەیەکی زۆر لە نێوانیاندا هەیە، لە شەنگال هێزی پێشمەرگەشی لێبوو، بەڵام تیرۆریستانی داعشیش بەرنامەیان بۆ داگیرکردنی شەنگال هەبووە، بانگێشەی ئەوەشیان دەکرد دەیانەوێت هێرش بکەنە سەر شەنگال.

لەم مەسەلەیەدا بێگومان کەمتەرخەمی سەربازی هەبووە، بەڵام ئەوە باشترە لە سەرکردە سەربازییەکان بپرسن، بۆیە ئەوەی لە شەنگال روویدا لەرووی مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتی و ئایینی و نەتەوەیشەوە کارەساتێکی زۆر ناخۆش بوو، هەروەها مەسەلەی بردنی ئافرەتەکان و دابەشکردنیان وەك جاریە بەسەر تیرۆریستاندا، زامێکە لە ئەنفالیش قورسترە، من وەك خۆم زۆر لە کەسوکارم

لە ئەنفالی بارزانیەکان ئەنفالکراون، بەڵام ئەوەی بەسەر ئێزدییەکان هات لە شەنگال ئەوەم لا قورسترە.

*** تۆ باسی کەمتەرخەمیت کرد، ئایا ئەو هۆکارانە چی بوون کە بوونە هۆکاری ئەو کارەساتە؟**

- من ناتوانم ئەوە بڵێم کە لە ئامادەکردنی هێزی پێشمەرگە بۆ شەڕی تیرۆریستان سەرکەتووبووین یان نە، ئەوە باشترە سەرکردە سەربازییەکان قسەی لەسەر بکەن، بەڵام دەتوانم بڵێم شەڕی دژی تیرۆریستان بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان شەڕێکی نوێیە، ئەم شەڕە نوێییەش لە سنورێکی هێجگار فراواندایە کە درێژایی بەرەکانی شەڕ زیاتر لە ١٠٠٠ کیلۆمەترە، ئەمەش واتە سنوری شەڕی تیرۆریستان لە قەبارەی ئێستای هێزی پێشمەرگە زیاترە، ئەمە بێجگە لەوەی سنوری دیکەش هەن کە دەبێت هێزی پێشمەرگەی کوردستان لێ بێت، بۆیە ئەم سنورە فراوانە بۆ هێزی هەرێمێك کە ئەوە چەندین ساڵە لەلایەن بەغداوە گوشاری دەخرێتە سەر و بێ بەشە لەو بودجەو مووچە، هەروەها بێ بەشە لە پەرەپێدانی توانای سەربازی و بێ بەشە لە دابینکردنی لۆجیستی سەربازی، نەتوانراوە ئەو زەمینەیە بۆ هێزی پێشمەرگە فەراهەم بێت کە بتوانرێت بۆ شەڕی دژە تیرۆر رابهێنرێن، لەبەر ئەوەی تیرۆریستان بەردەوام تاکتیکی خۆیان دەگۆڕن، بۆیە ئەو هێزەی کە ئامادە دەکرێت بۆ شەڕی دژە تیرۆر دەبێت شارەزای ئەو تاکتیکانە بێت، هەروەها دەبێت بتوانن بەرنامە دابنێن بۆ ئەوەی زۆر بەباشی شوێنەکانی خۆیان بپارێزن، بەتایبەتی هێزێکی وەك داعش کە قەبارەیەکی هێجگار گەورەی چەکی سوپای عێراقی دەسکەوتووە هەروەها لە سوریاش چەکێکی هێجگار زۆریان دەسکەوتووە و ئەوەندە چەك و تەقەمەنیان لەبەر دەستبووە، توانیوویانە بۆمبارانێکی زۆر بکەن و خەڵکی خۆکوژیشیان ناردووە بۆ ئەوەی سەنگەرەکان بشکێنن، بەڵام وێڕای هەموو ئەمانەش کەمتەرخەمی بوونی هەبووە. هەربۆیە بارودۆخی ئێستا وادەخوازێت پێداچوونەوەیەکی هەمەلایەنە لە کەرتی سەربازی بکەین و چاوبخشێنرێتەوە بە مووچەی پێشمەرگە و هەیکەلی سەربازی هێزی پێشمەرگە و هەروەها هەموو کەموکورتیەکان چارەسەر بکرێن، بۆ ئەوەی بتوانرێت بۆ شەڕی دژە تیرۆر رابهێنرێن و باشتر و کاریگەرتر ئامادەبکرێن.

*** لەدوای داگیرکردنی شەنگال لەلایەن تیرۆریستانەوە بەرێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ستراتیژیەتی هێزی پێشمەرگەی لە بەرگرییەوە گۆڕی بۆ هێرشکردن، ئایا هۆکاری ئەم گۆڕانکارییە چی بوو؟**

- سیاسەتی هەرێمی کوردستان زۆر دروست و واقیعی بوو، زۆر هەوڵماندا خۆمان لەو شەڕە دووربخەینەوە لەبەر ئەوەی بەتەنها شەڕی ئێمە نییە و شەڕی هەموو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیە، بۆیە ئەگەر ئێمە خۆمان لەم شەڕەوە بگلێنین بە تەنها دەمێنینەوە، ئێمە لەدوای رووداوەکانی موسڵەوە هەتا ئێستا بە تەنها خۆمان وەك هێزی پێشمەرگە بەرگریمان کردووە و کەس یارمەتی نەداوین، ئەوە یەك دوو رۆژە دەنگی ئەوە هەیە کە بە فرۆکە هاوکاری بکرێین و هاوکاری هێزی پێشمەرگە بکرێت، فرۆکەکانی عێراق هەندێك بۆمبارانیان کردووە بەڵام لە پێکانی نیشانەکاندا زۆر ورد نین، بۆیە ئێمە بەوجۆرە سەیری ئەو شەڕەمان کرد کە ئەوە شەڕی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیە و دەبێت هاوپەیمانی دژە تیرۆر هاوکاری ئێمە بن، لەبەر ئەوەی ناسنامەی داعش ناسنامەیەکی نێودەوڵەتیە بە سەدان خەڵکی ئەوروپا هاتوونە ناویانەوە چەندین ئەمریکیان لەگەڵدایە، ئەمە بێجگە لەوەی ئیمکانیەتێکی زۆر باشیشیان لەبەر دەستە، هەروەها رێکخراوێکی تیرۆریستی وەك داعش بەلایانەوە گرنگ نییە و نە دادەمێنن بۆ کوشتنی خەڵکی سڤیل نە بیر لە خۆشیان دەکەنەوە، بەڵام بۆ ئێمە زیان گەیاندن بە کەسێکی مەدەنی حسابی وردی لەسەر دەکرێت و تەنانەت بۆ هێزەکانی خۆشمان، گیانی هەر پێشمەرگەیەك لە هەموو شتێك لامان ئازیزترە.

> **کوشتنی بەکۆمەڵی خەڵکی کوردستان و بردنی ئافرەتانی کورد و دابەشکردنی بەناوی (جاریە) بەسەر تیرۆریستاندا زامێکە لەئەنفال قورسترەو وابەئاسانی سارێژ نابن**

بەڵام لەبەر ئەوەی داعش و ئەوانەشی داعش بەکار دەهێنن چۆن لەسوریا بەرەیەکی شەڕیان دژی نەیارانی رژێمی سوریا کردەوە، بە هەمانشێوە لە عێراقیش ئاراستەی شەڕەکەیان بەرەو کوردستان گۆڕی و هێرشیان کردە سەر هەرێمی کوردستان، ئەمەش واتە ئیتر نەمانتوانی خۆمان لەم شەڕە بەدوور بگرین، لەمەش زیاتر ئێمە زانیاری تەواومان لەبەر دەستە کە لە سوریاشەوە داعش هێزەکانی گواستۆتەوە بۆ بەرەی شەڕەکەی لەگەڵ کوردستان و بەنیازن چەکداری دیکەش لە سوریاوە بهێنن، ئەمە بارودۆخێکی تازەی هێنایە پێشەوە و پێویستی بەوە بوو ستراتیژی شەڕەکە لە بەرگری کردنەوە بگۆڕێت بۆ هێرشکردن، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی گورزی گورچکبڕیان لێبدرێت و توانای هێرشکردنیان نەمێنێت، لەسەر ئەم بنەمایە سەرۆك بارزانی بڕیاریدا ستراتیژیەتی شەڕەکە لە بەرگرییەوە بگۆڕێت بۆ هێرشکردن.

> **وەکو ئاژانسی پاراستن ئەرکی خۆمان بەرێکوپێکی جێبەجێ کردووەو زانیاری پێویستمان گەیاندۆتە هێزەکانی پێشمەرگە**

*** ئێستا بە سەرپەرشتی راستەوخۆی سەرۆك بارزانی شەڕی دژی تیرۆریستان درێژەی هەیە، ئایا تاچەند کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەم شەڕە بە شەڕی خۆی دەزانێت و ئامادەیە هاوکاری هەرێمی کوردستان بکات؟**

- سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان کاری زۆر جددی لەسەر ئەم مەسەلەیە کرد و لە هەمانکاتدا هەموو توانای خۆی خستەگەڕ بۆ ئەوەی بەرگری لە کوردستان بکات، هەتا ئەو کاتەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەگاتە ئەو قەناعەتەی بڕیار بدات، بەوەی ئەو شەڕەی ئێستا لە کوردستان دەکرێت، شەڕی هەموو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە و دەبێت هەموو دەوڵەتانی هاوپەیمانی دژە تیرۆر بەشدار بێت، لە ئێستا کە ئەم قسانە دەکەم هەست دەکەین خەریکە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە جددی دێتە دەنگ، خەریکە ئەو قەناعەتە دروست دەبێت بەوەی دەبێت وەك ئەمری واقیع سەیری بارودۆخی ئێستای عێراق و هەرێمی کوردستان و شەڕی تیرۆریستان بکرێت، جیهان گەیشتۆتە قەناعەت ئەگەر بە پەلە هاوکاری هەرێمی کوردستان نەکات، کارەساتی مرۆیی گەورە ڕوودەدات، هەر بۆیە دوای پەیوەندیکردنی فرانسۆ هۆلاندی سەرۆکی فەرەنسا لەگەڵ سەرۆك بارزانی و دەربڕینی پشتیوانی فەرەنسا بۆ هەرێمی کوردستان، هەروەها داواکردنی فەرەنسا بۆ گرێدانی کۆبوونەوەیەکی نائاسایی ئەنجوومەنی ئاسایش بۆ سەرکۆنەکردنی کارە تیرۆریستیەکانی داعش بەرامبەر کریستیانەکان و کوردانی ئێزدی، هەروەها بڕیاردانی سەرۆك ئۆباما بە هاوکاریکردنی هەرێمی کوردستان و پێشمەرگە، ئێستا شەڕەکە پێدەنێتە قۆناخێکی تازەوە و پێدەچێت گۆڕانکاری گەورە و یەکلاکەرەوە بێتە ئاراوە، بەڵام ئەوەی پێویستە بگوترێت ئەوەیە کە خۆڕاگری هێزی پێشمەرگە و بوار نەدان بە پێشڕەوی زیاتری داعش بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان، وایکرد جیهان بە ئاگا بێتەوە و بگەنە ئەو ڕاستییەی کە هەرێمی کوردستان نزیکترین هاوپەیمانە لە شەڕی دژە تیرۆردا، من ئومێد دەخوازم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی زۆر بەجددی پرسی هاریکاریکردنی هەرێمی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەربگرێت، لەبەر ئەوەی ئێستا هەرێمی کوردستان سەنگەری لەبەرامبەر گەورەترین بەرەی تیرۆریستاندا هەیە، ئەگەر ئەم بەرەیە بشکێنرێت و تیرۆریستان گورزێکی گورچکبڕیان بەر بکەوێت، ئەوا تیرۆریستان بە ئاسانی ناتوانن خۆیان ڕێکبخەنەوە و مەترسیەکی گەورە لەسەر ئاستی ناوچەکە و جیهانیش دوور دەکەوێتەوە.

*** بەڕێز مسرور بارزانی راوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لەم ماوەیەدا چەندین جار کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئاگادارکردەوە، بەوەی ئەم شەڕە شەڕێکی نێودەوڵەتیە و بە تەنها شەڕی پێشمەرگە نییە، بۆیە ئەگەر دەتانەوێت شەڕی تیرۆر لە وڵاتی خۆتان نەکەن، وەرن یارمەتی پێشمەرگە بدەن، ئایا تاچەند ئەم پەیامەی بەڕێز مسرور بارزانی کاریگەری هەبووە؟**

- پەیامی بەڕێز مسرور بارزانی راوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، پەیامێکی لۆژیکانە بووە و هۆشداری بووە بۆ هەموو جیهان بەوەی ئەم شەڕە یەخەی هەموو لایەکمان دەگرێت، لەبەر ئەوەی تیرۆریستانی داعش شەڕی تیرۆرییان بردە قۆناخێکی تازە و لە گروپی بچووك بچووك و کاری خۆکوژییەوە وەرچەرخان بۆ ئەوەی خاکیان لەبەر دەست بێت و لەسەر ئەو خاکەش دەوڵەتێکیان بەناوی خەلافەتی ئیسلامیەوە ڕاگەیاندووە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر بوار بدرێت ئەم دەوڵەتە تیرۆریستیە بەردەوام بێت، ئەوا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بیر لەوە دەکاتەوە سنورەکانی خۆی فراوان بکات، لەبەر ئەوەی ئایدۆلۆژیەتی داعش بڕوای بە سنوور و نەتەوە نییە، بۆیە لەم حاڵەتە چەند مەترسی لەسەر ئەو ناوچانە دروستدەکات کە دەبنە دراوسێی ئەم دەوڵەتە تیرۆرستیە، بە هەمان شێوە وەك سەرچاوەیەك بۆ ناردنە دەرەوەی تیرۆر بە تایبەتی کە ژمارەیەکی زۆری تیرۆریستانی داعش هەڵگری پاسپۆرتی ئەوروپین، ئەوا بە ئاسانی تیرۆر لە دەوڵەتەکەی داعشەوە دەچێتە نێو هەموو دەوڵەتێکی دیموکراتی، لەم ڕوانگەیەوە بەڕێز راوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان هەموو جیهانی لەم مەترسیە ئاگادار کردەوە، ئەگەر سەرنجیش لە جووڵە دبلۆماسیەکانی چەندین ڕۆژی ڕابردوو لەسەر ئاستی ئەنجوومەنی ئاسایش و پەیامەکەی سەرۆك ئۆباما و قسەکانی سەرۆکی فەرەنسا و هەڵوێستی وڵاتانی دیکە بدەین، هەست دەکەین ئەوانیش ئێستا هەست بە هەمان مەترسی دەکەن، کە پێشتر راوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان ئاماژەی پێکردووە و جەختی لەسەر کردۆتەوە. هەر بۆیە مایەی خۆشحاڵیە کە ئێستا دەبینین لەسەر ئاستی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و دەوڵەتە گەورەکانیش ڕاستەوخۆ هەستیان بەو مەترسیە گەورەیە کردووە.

*** ئەم هەنگاوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و پەیوەندی ڕاستەوخۆی ئەمریکا و فەرەنسا بۆ هاوکاری هەرێمی کوردستان، وەك جۆرێك لەوەرچەرخان دەخوێنرێتەوە، ئایا پێت وانییە، جیهان خەریکە ئەمری واقیعی دابەشبوونی عێراق قبوڵ دەکات و چیدیکە ناتوانێت ئەو نکۆڵی لەو واقیعە بکات؟**

- سەبارەت بە بارودۆخی ئێستای عێراق دیارە بە بەرچاوی هەموو جیهانەوە بەکردەیی و بە واقیعی عێراق دابەش بووە، بەڵام نکۆڵی لەم دابەشبوونە دەکەن، بە قەناعەتی شەخسی من نکۆڵی کردن لەم واقیعە

**هاوکاری هاووڵاتیان بۆ دەزگا هەواڵگری و ئاسایشەکان و گەیاندنی زانیاری ورد لەسەر ئەو خەڵکانەی کە گومانی هاوکاری تیرۆرستانیان لێدەکرێت و لەگەڵ لێشاوی پەنابەران ڕوویان لەکوردستان کردووە باشترین و کاریگەرترین چەکە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆرستان**

**زانیاری تەواومان لەبەردەستدایە کە لەسوریاوە داعش هێزەکانی بۆ بەرەی شەڕەکەی کوردستان گواستۆتەوەو لەسەر ئەم بنەمایە سەرۆک بارزانی بڕیاریدا ستراتیژیەتی شەڕەکە لەبەرگرییەوە بگۆڕێت بۆ هێرشکردن**

**عێراق بەفیدراڵی چارەسەر ناکرێت باشتر وایە ئەم وڵاتە لەسەر بنەمای کۆنفیدراڵی ڕێک بخرێتەوە، ئەگەر نا دەبێت سەربەخۆیی کوردستان قبوڵ بکرێت**

خزمەتی بەرەی تیرۆریستان دەکات و خزمەت بە ئایندەی عێراق ناکات، بۆیە سیاسەتی واقیعیانە ئەوەیە لەسەر ئەرزی واقیع چی هەیە دەبێت وەك خۆی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، ئەمەش بەو مانایەی ئێستا عێراق سێ بەشە و سێ سیستمی جیاواز، ئەگەر دەیانەوێت دووبارە عێراق بونیادبنێنەوە، ئەوا دەبێت ئەوە لەبەر چاو بگیرێت، عێراق نابێتەوە بە وڵاتێکی سەقامگیر هەتا گۆڕانکاری لە سیستمی حکومڕانی ئەو وڵاتە نەکرێت، ئەمەش بەو مانایەی لەبری ئەوەی هەوڵبدرێت چۆن عێراق بە یەکگرتوویی بهێڵرێتەوە، باشترە بیر لەوە بکەنەوە چۆن ئەمری واقیعی ئەم سێ دەوڵەتەی کە ئێستا بوونی هەیە لە چوارچێوەی سیستمێکی تازەی حکومڕانی لە عێراقدا پێکەوە کۆدەکرێنەوە، کە دەشڵێم بیر لە سیستمێکی تازە بکرێتەوە، دیارە مەبەستم ئەوەیە ئەو بارودۆخەی ئێستای عێراق بە فیدرالی چارەسەر ناکرێت، لەبەر ئەوەی فیدرالیەتمان تاقیکردەوە و سەرکەوتوو نەبووین، بۆیە باشترە بیر لەکۆنفیدرالی بکرێتەوە، یان دەبێت سەربەخۆیی کوردستان قبوڵ بکرێت، دیارە سەربەخۆیی بۆ هەتا هەتایە کێشەکان چارەسەر دەکات، بەڵام ئەگەر لە ئێستا ئەمەش نەکرێت باشترە عێراق لەسەر بنەمای کۆنفیدرالی ڕێکبخرێتەوە.

*** دەگەڕێمەوە بۆ شەڕی دژی تیرۆریستان، تۆ ئاماژەت بەوە کرد پێویستە پێشمەرگە بۆ شەڕی دژە تیرۆر رابهێنرێت، بەڵام ئێستا خەڵکێکی زۆر خۆبەخشانە دەڕوات پشتیوانی پێشمەرگە بکات بەبێ ئەوەی هیچ مەشق و ڕاهێنانێکی کردبێت، ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە ناوەندێکی مەشق و ڕاهێنانی سەربازی بکرێتەوە، بۆ ئەوەی خەڵکەکە ئامادەبکرێت ئەوجا بچنە شەڕەکەوە؟**

- ئێمەش پێشنیارمان کردۆتەوە دەرگای خۆبەخشین بکرێتەوە، بەڵام سەبارەت بەو کەسانەی کە شارەزانین پێویستە بنکەیەکی مەشقی سەربازی بکرێتەوە بۆ ئەوەی لانی کەم لەسەر بەکارهێنانی چەك و بنەما سەربازییەکان ڕاهێنانیان پێبکرێت، ئەمەش پێویستە لەلایەن وەزارەتی پێشمەرگەوە بەرنامەی بۆ دابنرێت، من لێرەدا جەخت لەسەر ئەوەدەکەمەوە ڕاستە ئەم شەڕە زۆر ناخۆش بوو، بەڵام ئەگەر یەکگرتوو بین ئەم قۆناخە ناخۆشە تێدەپەڕێنین و دەرگایەکی فراوانتر بەرووی هەرێمی کوردستان دەکرێتەوە.

*** دیارە ئێستا بەهۆی ئەم بارودۆخەوە ژمارەیەکی هێجگار زۆر لە هاووڵاتیانی عەرەب ڕوویانکردۆتە هەرێمی کوردستان و لە شارەکانی کوردستانن، لەبەرامبەر ئەم حاڵەتە جۆرێك لە نیگەرانی دروستبووە و ترسی ئەوە هەیە بەشێك لەوانە هاوکاری تیرۆریستانی داعش بکەن، ئایا ئێوە چۆن چاودێری ئەم مەسەلەیە دەکەن؟**

- هۆکاری ئەوەی ئەو هەموو عەرەبە هاتوونە شارەکانی کوردستان ئەوەیە، لەناوچەکانی خۆیان ئاژاوە و ناسەقامگیری هەیە و هەرێمی کوردستانیش ئارام و سەقامگیرە بۆیە پەنایان بۆ هەرێمی کوردستان هێناوە و هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستانیش بەردەوام لێبوردە بوون و هاوکاری ئەو خەڵکانەیان کردووە کە پەنایان هێناوە بۆ کوردستان، سەبارەت بە چۆنیەتی چاودێری کردنی ئەم پرسەش لەلایەن دەزگا هەواڵگری و ئاسایشەکانەوە، دیارە بۆ پاراستنی ئارامی کوردستان چاودێری زۆر ورد کراوە، ئەو خەڵکانە بەشی هەرە زۆریان دژی تیرۆریستانن و لە ترسی تیرۆریستان هاتوونە کوردستان بۆیە ئەوانە میوانی ئازیزی کوردستانن، بەڵام ئەگەر لەگەڵ ئەم لێشاوەی پەنابەران خەڵکانێك هەبن گومانی ئەوەیان لێبکرێت کە هاوکاری تیرۆریستان دەکەن، ئەوا دەبێت هاووڵاتیان بە وردی زانیاری دروست لەسەر ئەو کەسانەی جێگەی گومانن بگەیەنە دەزگاکانی ئاسایش بۆ ئەوەی ڕێوشوێنی یاساییان لەبەرامبەر بگیرێتەبەر، بەڵام دووپاتی دەکەمەوە سیاسەتی هەرێمی کوردستان بە هەموو شێوەیەك دژی ئەوەیە حەساسیەت لە نێوان کورد و عەرەب دروست بکرێت و دژی ئەو پیلانەشین کە دەیانەوێت حەساسیەت و دوژمنایەتی لە نێوان کورد و عەرەب دروست بکەن، ئەو عەرەبانەی ئێستا لە کوردستانن دراوسێی ئێمەن و لە ئایندەش هەر دراوسێمان دەبن، بۆیە دەبێت پەیوەندی باش لە نێوانمان هەبێت و هەروەها دەبێت کەلتوری لێبوردەی گەلی کوردستانیش بپارێزین.

*** تاچەند خەڵکی دڵنیادەکەنەوە لەوەی بەسەرکەوتوویی ئەم قۆناخە تێدەپەڕێنین؟**

- هەموو خەڵکی کوردستان دڵنیا دەکەمەوە ئەم قۆناخە بە دڵنیایی و سەرکەتوویی تێدەپەڕێنین، تیرۆریستانی داعش نە لە عێراق و نە لەناوچەکە و نە لەجیهان جێگایان نابێتەوە، بۆیە دەبێت هەموو ئەو قەناعەتەمان لادروست بێت کە بەرامبەر بە تیرۆریستان دەبێت مقاوەمەت بکەین و لەسەر ئاستی ناوخۆش هەموومان یەکڕیز و تەباو برابین بۆ ئەوەی لەم شەڕەدا سەرکەوتووبین. هەروەها دەبێت لەم بارودۆخە هاووڵاتیانی کوردستان هۆشیارانە مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکە بکەن و هەماهەنگیەکی باش و نزیکیان لەگەڵ دەزگا هەواڵگری و ئاسایشەکانی هەرێمی کوردستان هەبێت، لەبەر ئەوەی هاوکاری هاوڵاتیان بۆ دەزگا هەواڵگری و ئاسایشەکان باشترین و کاریگەرترین چەکە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستان.

**بڕیاردانی سەرۆک ئۆباما بۆ هاوکاریکردنی هەرێمی کوردستان و پێشمەرگە و خۆڕاگری هێزی پێشمەرگە جیهانی لەوە ئاگادارکردەوە لەوەی هەرێمی کوردستان نزیکترین هاوپەیمانی شەڕی دژە تیرۆرە**

**چوونی داعش بۆ سوریاو لەناوبردنی سوپای ئازادو لەباربردنی شۆڕش و ڕاپەڕینی خەڵکی سوریا هەموو ئەو پرسیارانەن بۆ ئەوەی بزانین کارەکانی داعش خزمەتی کێ و سیاسەت و ستراتیژیەتی چ لایەک دەکەن**

**کاری تیرۆرستان گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووەو لەئاستی بەرەیی شەڕ دەکەن و خاکێکی زۆریان داگیرکردووەو بووەتە شەڕێکی سەربازی هەمەلایەنە**



# دیمەنی ئاوارەبوونی خوشک و برایانی ئێزدی

## ئیرادەی پێشمەرگەی بەهێزتر و سەنگەرەکانی قایمتر کردووە





گۆڕینی ستراتیژیەتی پێشمەرگە لەبەرگرییەوە بۆ هێرشکردن وەرچەرخانێکی گرنگی نێودەوڵەتی بەدوای خۆیدا هێنا، باراك ئۆبامای سەرۆکی ئەمریکا بڕیاریدا بە هێزە ئاسمانیەکان بۆ پشتگیری پێشمەرگە دەست بەکار بن، هەروەها فەرەنسا و بەریتانیا و ئیتالیا و ئەلمانیا و تەواوی دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا پشتیوانی خۆیان بۆ کوردستان و پێشمەرگە پیشانداوە، دیارە ئەم راپۆرتەی ئیمە پێش دەرچوونی ئەو بڕیارانەیە، بەڵام دەبێت ئەو راستیە لەبەر چاو بگیرێت مقاوەمەت و ئیرادەی پێشمەرگە ئەو گۆڕانکاری و وەرچەرخانەی دروستکردووە، هەر بۆیە لێدوانەکانی نێو ئەم راپۆرتە رەنگدانەوەی ورەی بەرزی پێشمەرگەیە، هەر بۆیە ئەو کاتەی بەرەو سەنگەرەکانی پێشەوەی پێشمەرگە لەچەند میحوەرێکی شەلالات و بەعشیقەو تلکێف و بەرتلە و کەمپی ئاوارە ئیزیدیەکان لە کۆمەڵگەکانی شاریا و سحێلێ و شارەدێی خاکێ لەپارێزگای دهۆك بەرێکەوتین پێشمەرگەکانی کوردستان پشتگیری خەڵکیان بەگەورەترین سەرمایە دادەنا و داوایان لەخەڵکی کوردستان کرد متمانە بەهێزو ورەی پێشمەرگەیان هەبێت و ئەوان ئامادەی قوربانیدان و شەهیدبوونیان هەیە، لەمیحوەری شێخان — شەلالات فەرماندە سەربازیەکانی پێشمەرگە باسیان لە پێشڕەوی پێشمەرگە و دەستبەسەراگرتنی زۆر لەو گوندو ناحیانە کرد کە تیرۆرستانی داعش لەژێر دەستیان بوو، بگرە لەبەرەکانی پێشەوەی پێشمەرگە شەڕی توند لەنێوان قەناسەکانی پێشمەرگەو چەتەکانی داعش بەرێوەدەچوو، لە نزیك گوندەکانی نوران و باریمە ژمارەیەك لەپێشمەرگە خۆبەخشەکان پێیان وتین: (ئێمە بە گیان و خوێن پارێزگاری لەکورد و خاکی کوردستان دەکەین و رێگانادەین بە کوشتنی کوردو قڕکرتنی پێکهاتەو ئاینزاکانی کوردستان)، ژمارەیەکیش لە پێشمەرگەکانی لقی ٢٠ی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە پێشڕەویدا بوون بۆ سەنگەرەکانی پێشەوە باسیان لە نەبەردیەکانی پێشمەرگە دەکرد کە بەرامبەر پێشکەوتووترین چەك و چبەخانەی سەربازی ئەمەریکاو وڵاتانی پێشکەوتوو دەجەنگێن، ئەمەش دوای ئەوەی تیرۆرستە ئیسلامییە توندڕەوەکان لە١٢ فیرقەی عێراقی دەستیان کەوتبوون، ئەفسەرێکی تۆپچی کە سەرپەرشتی یەکەیەکی تۆپخانەی پێشمەرگەی دەکرد سوپاسی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی کرد لەبەرامبەر گەیشتنی چەکی قورس و تۆپی پێشکەوتوو. ژمارەیەك لە ئاوارەکانی ئێزیدی و پێکهاتەکانی تری شنگال و دەوروبەری کە بەسەر قوتابخانەو مزگەوت و هەیکەلی بینا تەواونەبووەکان لەکۆمەڵگاو ناحیەو قەزاکانی پارێزگای دهۆك دابەشبووبوون بەگۆڤاری گوڵانیان وت: (ئێزیدی وەکو پێکهاتەیەکی رەسەنی کورد رووبەڕووی دڕندەترین







ڕەشەکوژی لەسەر دەستی ئەو تاقمە چەکدارە توندڕەوە بووەوە و قوربانی و زیانێکی زۆرمان بەرکەوت بەرادەیەك زۆر لە ئافرەت و پیاوەکانیشـــمان بێسەروبەرن و لەلایەن ئەو گروپە ئیسلامییە توندڕەوەوە ڕفێندراون)، هاووڵاتی سلێمان حەسەن باسی لەوە کرد کە خەلافەتی ئیسلامی لەعێراق بڕیاریداوە هەر کوردێکی ئێزیدی نەبێت بەئیسلام دەکوژرێت. لەپەرستگای لالش کە زیاتر لە ٧٠٠ خێزان پەنایان بۆ ئەو پەرستگایە بردووە لەبارودۆخێکی خراپی خزمەتگوزاریدان و هیچ گرەنتیەك لەسەر تەندروستیان نەبوو ئەوان پێیان ڕاگەیاندین دەســـتبەرداری کوردبوون و ئاینەکەیـــان بەهیچ شـــێوەیەك نابن و متمانەشـــیان بەپێشـــمەرگە هەیە ئەو شوێنانەیان بۆ ئازاد بکات کە چەکدارەکانی داعش لەدەســـت پێشمەرگەیان دەرهێناو داگیریان کرد. لەپارێزگای دهۆکیش هاووڵاتی جەلیل ســـەلمان کە ئاوارەی شەنگالەو لەبینایەکی هەیکەل دا خۆی و خێزانەکەی نیشتەجێن پێی وتین: (بەرپرسانی حکومەتـــی هەرێـــم و ڕێکخراوەکانی کوردســـتان و نێودەوڵەتـــی بەپێـــی پێویســـت بەدەنـــگ گەورەیی کارەســـاتەکەوە نەهاتوون لەکاتێکدا ٥٠٠ هەزار کوردی ئێزیدی ئـــاوارەو دەربەدەر بوون). زۆربـــەی ئاوارەکان داوای ئازادکردنی قەزاو گوندەکانیان لەدەست گرووپە تەکفیرییەکان و زەمانەتێکی نێودەوڵەتیان دەکرد.

### بابه شێخ خرتۆ مەرجەعی ئاینی گشتی ئێزیدی بۆ (گوڵان):

# زۆر سوپاسی هەڵوێستی سەرۆک بارزانی دەکەین کە پەناگەو پاڵپشتیەکی گەورەی کوردانی ئێزیدی و هەموو پێکهاتەو ئاینزاکانی تری کوردستانە



بەڕێز بابە شێخ خرتۆ مەرجەعی ئاینی گشتی ئێزیدی ئاماژەی بەرۆڵی جەنابی مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان کرد لەپاراستنی ئێزیدیەکان و پارێزگاریکردن لە کلتووری پێکەوەژیان و فریاکەوتنی دەیان هەزار ئاوارەی ئێزیدی و رووبەرووبوونەوەی ئەو چەکدارو تاقم و گروپانەی کوردی ئێزیدی قەتلوعام دەکات. لەمبارەیەوە بەگۆڤاری گوڵانی راگەیاند: (لەخودا دەپاڕێینەوە سەرومالی کوردانی ئێزیدی و هەموو پێکهاتەو ئاینزاکانی تری کوردستان بپارێزێت و لەم مەینەتیە دەربازمان بکات، ئەمە یەکەمینجار نییە پێکهاتەی ئێزیدی قەتلوعام دەکرێت و زوڵمیان لێدەکرێت چەندین جار لەبەر ئاین و کوردبوونیان دووچاری قڕکردن دەبنەوە.) لەدرێژەی لێدوانەکەیدا مەرجی ئاینی گشتی ئێزیدی ئاماژەی بەهەڵوێستی سەرۆك بارزانی کردوو وتی: (بەناوی کوردی ئێزیدی زۆر سوپاسی هەڵوێستی کوردانەی سەرۆك بارزانی دەکەین کە پەناگەو پاڵپشتیەکی گەورەی کوردانی ئێزیدی و هەموو پێکهاتەو ئاینزاکانی تری کوردستانە لەخودا دەپاڕێینەوە بارزانی و هەموو لایەنەکانی تر بەیەکگرتوویی بتوانن تەواویی ئەو ناوچە کوردستانیانەی ئێزیدییەکان تێیدا نیشتەجێن لەدەستی تیرۆرستان دەربهێنێت و کوردانی ئێزیدی بچنەوە سەر ماڵ و زێدی باوك و باپیرانیان و پێشمەرگەش زامنی پارێزگاریکردنی ئەو ناوچانە بکات)، مەرجەعی ئاینی گشتی ئێزیدی داوای لەحکومەتی هەرێمیش کرد هەموو توانایەکیان بخەنەگەڕ لەپێناو رووبەڕووبوونەوەی ئەو مەینەتیانەی ئاوارەکانی ئێزیدی رووبەڕووی بوونەتەوە هاوکات دەرمان و خواردن و کۆمەك بگەیەننە ئەو ئاوارانەی لەشاخی شنگارو ناوچە داگیرکراوەکانی شنگال و دەوروبەری گیریان خواردووە.



## دیندار دۆسکی

### وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی عیراق بۆ گوڵان:

# حکومەتی عیراق بە یەک دینار هاوکاریی برا ئێزدییەکانی نەکردووە

**کارەساتی کوردانی ئێزیدی و ئاوارەبوونیان لە چیای شەنگال، ویژدانی هەموو جیهانی هەژاند، بەڵام حکومەتی عیراق زۆر بە خەمساردی مامەڵەی لەگەڵدا کردن و تەنانەت ئەو پارەیەشی تەرخانکرابوو بۆ هاریکاریی ئاوارەکان، برا ئێزدییەکانی لێ بێبەش کرا. بەڕێز دیندار دۆسکی وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی حکومەتی عیراق بەمجۆرە لەسەر ئەم پرسە بۆ گوڵان هاتەئاخاوتن:**

ئێمە وەك وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی عیراق ماوەی یەك مانگە کشاوینەتەوە و بڕیارەکانیش لەلایەن وەزیرێکی دیکە بە وەکالەت بەڕێوە دەبرێن، بۆیە تا ئێستا حکومەتی عیراق بە فەرمی هیچی بۆ برا ئێزیدییەکان نەکردووە، زۆر بە هێواشی و خەمساردی مامەڵە لەگەڵ کوردستان دەکەن و بەربەستیان داناوە، بەخشینەکان نادرێن بە کوردو بە برایانی مەسیحی، چونکە بێ ئیقامە دێن، تەنیا بە عەرەب دەدرێت لە کوردستان، لەبەر ئەوە ئەوانەی پێیان دەدرێت، تەنیا ئەوانەن کە بە ڕەگەز عەرەبن، بەڵام کورد و مەسیحییەکان تا ئێستا هیچیان وەرنەگرتووە، بۆ نموونە لە دهۆك تەنیا **٣٠٠** خێزان کۆمەکی وەرگرتووە، وەك ئەوەی تەنیا **٣٠٠** خێزان ئاوارە بووبێت، بۆ ئەمەش دکتۆر ساڵح موتڵەگ لێرە بووەو دەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزیرانی لەو بارەوە هەیە، بەڵام کارەکانیان خاو و خلیسکەو دیسپلینی زۆریان داناوە کە زۆربەی خەڵکی نایانگرێتەوە، بەتایبەتی لەگەڵ ئاوارەکانی شنگال هەماهەنگ نین، بە مەرجێ لە پارێزگاکاندا سەبەتەی خۆراك و ساردکەرەوەو موبەڕیدەو کەرەسەی تریشیان هەیە، زۆر خەمی کوردیان نییەو ئێمەش لەوێ نەماوین. لەسەر ئەم پرسە بە تەلەفۆن بە (دکتۆر ساڵح موتڵەگ)یشم وت: کاکە ئێستا ئێزیدییەکان هاتوون لانیکەم هاریکاریی عەینییان بدەنێ، ئەوەی هەمانە، خۆ سەبەتەی خۆراك هەیە، موبەڕیدەو ساردکەرەوە هەیە، کەچی هیچی بۆ نەکردن و دەڵێ: فەرمانم بۆ هاتووە پێشینەو هاریکاریی خەڵکی رومادی بدەم، لەکاتێکدا لە دهۆك خەڵکی رومادی چەند سەد خێزانێکن، کە پێشینەی یەك ملیۆنییەکەیان دا بە خەڵکی رومادی، واتا هیچ هاوکارییەك بۆ کوردانی ئێزیدی نییە، لەگەڵ ئەوەشدا کە پێشمراگەیاند، ئەگەر بکرێت وەك یارمەتییەکی پێشوەخت، هەر خێزانێك پێنج سەد هەزار دیناری پێ بدرێت.

لە بەرانبەر ئەم کەمتەرخەمییەی حکومەتی عیراق پێویستە نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵمەتێکی نێودەوڵەتی بۆ هاریکاریکردنی برا ئێزیدییەکان رابگەیەنێت، رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانیش لە ئاست قەبارەی گەورەی ئەو کارەساتە کاریان نەکردووە، ئێستا بە قەد خەڵکی دهۆك ئاوارە لە دهۆکن، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان فشار بخاتە سەر حکومەتی ناوەند، تا لەو یەك تریلیۆن دینارەی بۆ ئاوارەکان تەرخان کراوە، هاریکاریی مرۆیی هەموو ئەو ئاوارانەی عیراق و کوردستان بدرێت، کە زۆربەی زۆریان ئێستا لە شارەکانی کوردستاندا گیرساونەتەوە، پەنابەران خەریکە بە قەد خەڵکی ناو شارەکانی هەرێمی کوردستانیان لێ دێت، لە کاتێکدا پەنابەرانی تری عیراق لە شارەکانی تری عیراقیدا بە هەموویان لە ١٥ بۆ ٢٠ هەزار کەس تێپەڕناکات.



### فەرهاد ئەتروشی پارێزگاری دهۆک بۆ گوڵان:

# دهۆک هێندەی نیوەی دانیشتوانەکەی ئاوارەو پەناهەندە روویان تێکردووە

هەر سەبارەت بەدوا گۆڕانکارییەکان و بارودۆخی ئاوارەکانی شنگال و زوممارو چەند ناوچەیەکی تری دەوروبەری بەڕێز فەرهاد ئەتروشی پارێزگاری دهۆك لە لێدوانێکی تایبەت بۆ گوڵان وتی: (لەئاکامی هێرشی لەناکاوی گروپە چەکدارە تیرۆریستەکانی داعش و قەتڵوعامکردنی کوردی ئێزیدی و پێکهاتەکانی تری شنگال و زوممارو رەبیعەو چەند ناوچەیەکی تر زیاتر لە ٥٠٠ هەزار ئاوارە روویان لە پارێزگای دهۆك کردووە، واتا لەبەرامبەر هەر کەسێك لەدانیشتووانی دهۆك ئاوارە یا پەناهەندەیەك هەیە، کە جگە لەکەمپەکان نیشتەجێی قوتابخانەو مزگەوت و شوێنە گشتیەکان و هەیکەلی ئەو باڵەخانەو بینایانەن کە تا ئێستا دروستکردنیان تەواو نەبووە، هەربۆیە ئاوارەکانی دهۆك لەدۆخێکی خراپدان و پێویستیان بەهاوکاریی و فریاکەوتنی تەندروستی و دابینکردنی کەلوپەل و شوێنی نیشتەجێبوون هەیە، راستە لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە زەبری کوشندە لە تیرۆریستان دراوە و لەزۆربەی میحوەرەکان پێشمەرگە لە پێشڕەویدان و تیرۆریستان هەڵدێن بەڵام رەنگە مەسەلەی ئاوارەکان درێژە بکێشێت و لایەنی تەندروستی و مرۆیی خێزانەکان لەدۆخێکدا نییە چاوەڕوانی بکرێت، بەتایبەتی تواناکانی پارێزگای دهۆك سنووردارەو بۆ ماوەی چەندین مانگە لەلایەن حکومەتی بەغداوە رووبەڕووی ئابڵوقەیەکی توند بووینەتەوە، ئەمە جگە



لەوەی پێشتر لەسنووری پارێزگاکەمان بەهەزارەها خێزانی کوردانی رۆژئاواو باکورو رۆژهەڵات و ئاوارەکانی ناوچە کوردستانیەکان و بگرە سەرجەم پارێزگا سوننە نشینەکان لە ناو سەنتەری شاری دهۆك و سیمێلّ نیشتەجێن، واتا ئێستا پارێزگای دهۆك لەبەرامبەر ٥ هاووڵاتی ٣ ئاوارەی هەیە هەر لە پێکهاتەی کوردو عەرەب و عەرەبی سورییەوە تاوەکو ئاینزاکانی موسڵمانی سوونە و شیعەو کوردانی ئێزیدی و کریستیان، ئەمەش رێژەیەکی زۆرەو لەسەروو توانای خۆیەوە ئاوارەو پەناهەندە روویان تێکردووە لەکاتێکدا هێشتا بەرێژەیەکی زۆر لەکوردانی رۆژئاوا لەکەمپ و ناو سەنتەری شاری دهۆك نیشتەجێن پێویستی بەیارمەتی و کۆمەکی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی خێرا هەیە، ئەمە جگە لەوەی ماوەیەکی تر تاقیکردنەوەکانی دەوری دووەم دەست پێدەکات و گرفتی بوونی ژمارەیەکی زۆری ئاوارە لەو قوتابخانانەدا بۆمان دروست دەبێت). سەبارەت بەهەڵوێست و خەمخۆری سەرۆك بارزانی پارێزگاری دهۆك وتی: (جەنابی سەرۆك بارزانی و بەڕێز سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی و ژمارەیەك لەوەزیران و نوێنەرانی رێکخراوە خێرخوازییەکان بەتایبەتی دەزگای خێرخوازی بارزانی و چەند ناوەندو کەناڵ و لایەنێکی تر هەر زوو بەدەنگ داواکاریەکەمان هاتوون و رۆڵی باشیان بینیوە، هەروەها بەڕێز سیداد بارزانی بە وردی و لەنزیکەوە سەرپەرشتی بارودۆخەکە دەکات وەکو ئیدارە مامەڵەمان لەگەڵیدا هەیە، ئومێدمان زۆرە سیاسەت و هەنگاوەکانی سەرکردایەتی کورد ببێتە هۆکارێك بۆ جووڵاندنی هەڵوێستی نێودەوڵەتی و خێرا بەفریاکەوتنی کوردانی ئێزیدی و مەسیحی کە رووبەڕووی قڕکردن و دەرکردنی بەکۆمەڵ بوونەتەوەو لەبارودۆخێکی خراپن و مەترسی ئەگەری کەوتنەوەی نەخۆشی و مردن زۆرە بەتایبەتی دوای مردنی ژمارەیەکی زۆری منداڵ و کەسانی بەتەمەن لەسەر چیای شنگال و دەوروبەرو فڕاندن و بێسەروبەرکردنی ژمارەیەکی تری کوردانی ئێزیدی).

سەبارەت بە بەرەکانی جەنگ و وورەی پێشمەرگەکانی کوردستان و پاڵپشتی هاووڵاتیان لەپارێزەرانی خەڵکو نیشتمان پارێزگاری دهۆك وتی: (پێشمەرگە شەڕی دڕندەترین تیرۆریست دەکەن کە خاوەنی چەندین چەك و جبەخانەی پێشکەوتووەو لەسەرانسەری دنیاوە خەڵکی سەرلێشێواو رووی تێکردوون، بەپێی پێویستیش حکومەتی ناوەندی یارمەتیمان نادات بگرە ماوەیەکی زۆرە گەمارۆی لەسەر داناوین، تیرۆریستەکانی داعش کە لەرەگەزی عەرەب و چیچانی و ئەفغانستان و ئەمەریکی و ئەوروپین بەخەیاڵی خۆیان هاتوون جارێکی تر کوردی موسڵمان و کوردستانیەکان ئەنفال و کۆمەڵکوژ بکەنەوە، لەم دۆخەدا پێشمەرگە لەناوچەیەکی فراوان کە ١٠٥٠ کیلۆمەترەو چەندین گوندی تەعریبکراوی تێدایە رووبەرووی هێرشەکانی داعش بووە، هەربۆیە پێشمەرگە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو شوێنانەو پارێزگاریکردن لێی پێویستی بەهێزی زیاتر و چەك و جبەخانەی پێشکەوتوو ئالیاتی خێراو زرێپۆشی گواستنەوەی سەربازی و هەلیکۆپتەر دەبێت بۆ پارێزگاریکردن لەو ناوچە فراوانە. ئازادکردنەوەی ئەو شوێنانەی چەکدارەکانی تیرۆریستی داعش گرتوویانە کارێکی قورس نییە بەتایبەتی دوای ئەوەی دەرکەوت داعش گروپێکی سەرلێشێواوو کەسانی ترسنۆکن چونکە کوشتنی خەڵکی سیڤل و بێ چەك و ڕفاندنی ئافرەت و لەبرسا کوشتنی منداڵی شیرەخۆرە تەنیا سیفەتی خەڵکی ترسنۆك و لەرزۆکە).











# ڕەوشی شاری موسڵ
# لە سایەی داعشی تیرۆریستدا

**تەقاندنەوەی شوێنەوارو مەزارەکان و ئاوارەکردنی پێکهاتەکان و دەستدرێژی بۆ سەر ئافرەتان و چەندین تاوانی دیکە**

**شاری موسڵ دوای داگیرکردنی لەلایەن داعشەوە رۆژ لەدوای رۆژ بەرەو هەرەس و کاولکاریی دەچێت، کەمیی خۆراک و پچڕانی کارەبا و بەرزبوونەوەی نرخی سووتەمەنی و کەرەستەی خۆراک سەرباری نەمانی ئاوی خاوێنی خواردنەوە، ئەم فاکتەرانە بوون کە ئەو شارەی بەم ئەنجامە گەیاند**

**رێکخراوی داعش زیاتر لە ٣٠٠ شوێنی فرۆشتنی جلوبەرگ و پێداویستییەکانی ئافرەتانی لەناو شاردا داخستووە، هەروەها کەلوپەلی ئەفغانی هاوردەکردووەو لە ئێستادا لە دوکانەکاندا دەفرۆشرێت**

**داعش کە دەستی بەسەر زۆربەی جومگەکانی پارێزگای نەینەوادا گرتووە، رایگەیاندووە کە هەرچی فەرمانبەری مەسیحی و یەزیدی و شەبەک و شیعە هەیە لەکار دوورخراونەتەوە، لە ئێستاشدا خەریکی فەتوایەکە تایبەت بە ئافرەتی فەرمانبەر**

شاری موسڵ کە ناوەندی پارێزگای نەینەوایەو دەکەوێتە سەر رووباری دیجلە لە باکووری عیراق، بەر لە هاتنی ئەوەی پێی دەگوترێ دەوڵەتی ئیسلام لە عیراق و شام (داعش) بۆ ئەو شارە، بە دووەم شاری عیراق دەژمێردرا دوای بەغدای پایتەخت، بەڵام ئەمرۆ بۆتە خراپترین شاری عیراق، ئەو کاتە ژمارەی دانیشتوانی موسڵ نزیکەی ٣ ملیۆن کەس دەبوو، ئەمە وێڕای ئەوەی کە مەڵبەندێکی بازرگانیی گرنگی عیراق بوو، بەو پێیەی لە هەردوو دەوڵەتی سووریاو تورکیا نزیکە، ساڵانە رێژەی بازرگانی کردن لەو شارەدا خۆی لە ملیۆنان دۆلار دەدات، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٤ بوو بە مۆڵگەی تیرۆرو کاولکاری و دەروازەی پیلانگێڕان بۆ کردەوەی تاوان لە لایەن تیرۆریستان و گروپە چەکدارەکان جا لەژێر هەر ناوێکدا بێت.

**● تا چەند موسڵ بەرگەی ئەمە دەگرێت؟**

لە ئێستادا دەبینین کە شاری موسڵ دوای داگیرکردنی لەلایەن داعشەوە رۆژ لەدوای رۆژ بەرەو هەرەس و کاولکاریی دەچێت، دیارە کەمیی خۆراك و پچڕانی کارەبا و بەرزبوونەوەی نرخی سووتەمەنی و غاز و کەرەستەی خۆراك بە شێوەیەك کە پێشتر ئەمەی بەخۆوە نەدیبوو ئەمە سەرباری نەمانی ئاوی خاوێنی خواردنەوە، ئەم فاکتەرانە بوون کە ئەو شارەی بەم ئەنجامە گەیاند، ئەگەر یەکێك ئاگای لە نرخەکانی هەندی کەرەستە بێت دەبینێ کە نرخی یەك بوتڵە غاز لە ٢٢ دۆلار زیاترەو و نرخی یەك لیتر بەنزینیش دەگاتە زیاتر لە ٥ دۆلار.

زافر عومەر هاووڵاتییەکی دانیشتووی موسڵە بە گوڵانی راگەیاند: ژیان لەو شارە کۆتایی هاتووەو هیچ ئومێدێك نییە کە وەك جارانی لێ بێتەوە، ئەوان بە ناوی دەوڵەتی ئیسلامییەو لەعێراق و شام سەریان لێ شێواندووین و ئێمەش ناتوانین خۆمانی لێ رزگار بکەین، دوای ئەوەی هەموو چەکەکانیان لە هاووڵاتیان سەندەوەو دەستیان گرت بەسەر جومگەکانی شارو ترس و تۆقین و دڵەڕاوکێیان خستە دەروونی خەڵکەکەوە، ئەوان سەرەتا کە هاتنە ناو شارەکە دەستیان بە تاوان کرد دژ بە سەربازانی سوپاو هاووڵاتیانی مەسیحی و شەبەك و کورد، ئەمە وێڕای دەستدرێژی کردن بۆ سەر ژنان و بەحەڵاڵ زانینی ئافرەتان بۆ خۆیان بەبێ هیچ مەرج و یاسایەك.

(ع.م) لە موسڵەوە بۆ گوڵانی روونکردەوە کە رێکخراوی داعش زیاتر لە ٣٠٠ شوێنی فرۆشتنی جلوبەرگ و پێداویستییەکانی ئافرەتانی لەناو شاردا داخستووە، هەروەها کەلوپەلی ئەفغانی هاوردەکردووەو لە ئێستادا لە دوکانەکاندا دەفرۆشرێت، ئەمە سەرباری ئەوەی کە ناوبەناو دەستدرێژی دەکەنە سەر کیژۆڵانی تەمەن ١٤-٣٥ ساڵان.

ئەو دووپاتیشی کردەوە کە لە شەڕەکانی دەوروبەری موسڵ داعش زیانێکی زۆری لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە لێ کەوتووە، بۆیە کۆمەکێکی زۆری لە سوریاوە بۆ هاتووە، لەوانە سەدان کەس بۆ یارمەتیدانیان گەیشتوون، ئەمە سەرباری گەیشتنی زیاتر لە ٨٠٠ ئۆتۆمبیل لە سوریاوە، ئاماژەشی بەوەکرد کە داعشییەکان چەندین رەگەزنامە لەخۆ دەگرن لەوانە (ئەفغانی، بەریتانی، ئەمریکی، سوری، عیراقی، سعودی بەرادەیەکی زۆر، فەلەستینی، ئیماراتی).

**● خۆبەخشیی و چوونە ناو داعشەوە**

(ع.م) زیاتر دەڵێت: خۆبەخشیی و چوونە ناو داعشەوە بە زۆرییە دوای ئەوەی بەر لە چەند رۆژێك والی موسڵ چەندین فەرمانی بۆ لاوان دەرکرد، کە بێنە ریزی چەکدارانەوە و مانگانە ١٠٠ هەزار دیناریان پێدەدرێت، هەروەها هەر یەکێك هەشت مانگ لەگەڵیاندا بمێنێتەوە مووچەی مانگانەی دەبێتە ٦٠٠ هەزار دینار، بەڵام ئەگەر بۆ ماوەی ساڵێك لەگەڵیان بەردەوام بێت مووچەکەی دەگاتە یەك ملیۆن دینار.

هەروەها روونی کردەوە کە رێکخراوی داعش بە زۆریی داوا لە خەڵکی موسڵ دەکات بێنە ریزی چەکدارانەوە و هەندێ ئافرەتیش هەن کە شان بەشانی پیاوانی داعش دەبینرێن.

موسڵ بە گرنگترین پارێزگای عیراقی دادەنرێت، چونکە رووبەرێکی فراوانی زەویی کشتوکاڵیی هەیە، هەروەها بە دەیان بیرە نەوتی تێدایە کە تا ئێستا بەکارنەهێنراون، موسڵ زیاتر بە چاندنی دانەوێڵەو سەوزە ناسراوە، ئەمە وێڕای ئەوەی کە ناوەندێکی بازرگانی و ئابووری و پیشەسازی و گەشتیاریی فراوانە و هێڵی سەرەکیی پەیوەندییشە لەگەڵ تورکیا و سوریادا، هاوکات دەکەوێتە سەر رووباری دیجلەو چەندین بەنداوو دارستان لەخۆدەگرێت.

پارێزگای موسڵ بە سەبەتەی خۆراکیی عیراق دەژمێردرێت لەبەر ئەوەی دانەوێڵە بۆ سەرجەم ناوچەکانی عیراق هەناردە دەکات، ئەمە سەرباری ئەوەی کە بەوە ناسراوە دەیان شوێنەواری مێژوویی و شارستانیی سەردەمی ئاشوورییەکانی تێدایە و زۆربەی مەزارگەی پێغەمبەران یونس و جەرجیش و شیت (سڵاویان لە بێت) لەخۆ دەگرێت.

**● داعش بڕوای بە پێغەمبەران نییە**

موئەییەد حەمید کە توێژەرێکی ئیسلامییە و خەڵکی موسڵە و ئێستا ئاوارەی بەغدا بووە، دەپرسێت ئایینی تیرۆرستانی داعش چییە؟ زۆر لە هاوڵاتییان پێیان وابوو کە رێکخراوێکی سەلەفیی ئایینییە و ئامانجی ئەوەیە داکۆکی لە مافی هەژاران و شوێنکەوتووانی بیری سەلەفی توندڕەوی ئایینی بکات، بەڵام دوای ئەوەی بە وردیی چاودێریی دیمەنەکەمان کرد هەموو تاوانەکانیان ئاشکرابوو لە کوشتن و دەستدرێژی کردن و دواتر تەقاندنەوەی مەزارگەی یونس پێغەمبەر لە موسڵ، بۆمان دەرکەوت کە میللەت و ئایینی داعش چییە.

ئەم رێکخراوە تیرۆریستە دەستی کردووە بە چەکدارکردنی منداڵان لە ریزەکانی خۆیاندا و بەشداریشیان پێدەکەن لە خولەکانی مەشق و دواتر بەسەر پێکهاتە چەکدارییەکانیاندا



دابەشیان دەکەن، بەمەش نەوەیەك لە تیرۆریستان پێدەگەیەنن کە هەر لە منداڵییەوە چەك هەڵدەگرن و سۆزی بەزەیی و رەحمەت لە دڵ و دەروونیاندا دەسڕنەوە.

شاردراوەش نییە کە تیرۆریستانی داعش چەند کاری ناڕەواو قێزەوەن ئەنجام دەدا لەو شارانەی کە کۆنترۆڵی دەکەن، لەوانە هەڵمەتی رووخاندن و تەقاندنەوەی مەزارگەی پێغەمبەران و کۆچ پێکردنی مەسیحییەکان لە ماڵ و حاڵی خۆیان، هەروەها هەڕەشەکردن لە خانەوادە کوردەکان.

رێکخراوی داعش کە مانگی رابردوو لەو ناوچانەی دەستی بەسەردا گرتوون و خەلافەتی راگەیاند ئەنجامدانی تەقاندنەوەی چەند شوێنێکی پەرستنی خستە ئەستۆ کە مێژووەکەی بۆ چەند سەدەیەکی رابردوو دەگەڕێتەوە.

لەلای خۆیەوە ئەسیل نجێفی پارێزگاری نەینەوا داوای لە خەڵکی موسڵ کرد هاوکاریی لەگەڵ ئەو کەتیبانە بکەن کە بە یارمەتیی ئەوان ئەم واقیعە دەگۆڕن، بۆیە لە رۆژانی داهاتوودا لە چۆنێتی رێکخستنی کارەکانی ئەو کەتیبانە و ئامانجەکانیان ئاشنا دەبین.

داعش هەوڵی ئەوەی دا بە هەموو شێوازێك ژینگەیەك بدۆزێتەوە بۆ فراوان بوونی دەسەڵاتیان لە سوریاو عیراق، لە عیراق ئەم رێکخراوە توندڕۆیە ململانێی نێوان گروپە چەکدارەکانی (بەعسی و نەقشبەندی و عەشایری) و نێوان حکومەتی ناوەندی قۆزتەوە بۆ دابینکردنی کەش و هەوایەك لەپێناو فراوانکردنی دەسەڵاتەکەیدا. ئەمەش هەر لە سەرەتاوە دیاربوو کە ناکۆکیی توند لەسەر هەردوو ئاستی ئایدیۆلۆژی و کۆمەڵایەتی هەیە لە نێوان داعش و ئەو پێکهاتانە، کە ئەمەش وای کرد زۆر کەس بیربکەنەوە بەوەی کە رەنگە پێکدادان لەنێوان ئەو هاوپەیمانە کاتییانەدا رووبدات.

**● داعش هەموو ئەو فەرمانبەرانەی لەکار لابرد کە سوننی نەبوون**

داعش کە زیاتر لە سێ هەفتەیە دەستی بەسەر زۆربەی جومگەکانی پارێزگای نەینەوادا گرتووە، رایگەیاندووە کە هەرچی فەرمانبەری مەسیحی و یەزیدی و شەبەك و شیعە هەیە لەکار دوورخراونەتەوە، لە ئێستاشدا خەریکی فەتوایەکە تایبەت بە ئافرەتی فەرمانبەر.

والی تازەی موسڵیش فەرمانی داوە کە مەسیحی و شەبەك و کاکەییەکان ئەوانەی کە شیعە مەزهەبن لەسەرکار لاببرێن، لەلایەکی دیکەوە سەرچاوە سەربازییەکان لە تەمموزی رابردوودا دووپاتیان کردەوە کە هێزێکی فەرماندەیی تیپی دووی پیادە بە هاوکاریی لەگەڵ ئاژانسی لێکۆڵینەوەکان لە نەینەوا لەناوچەی ٩٠ی ئەربەجییەی بەری چەپی شاری موسڵ لە کردەیەکی ئەمنیدا توانی گەمارۆی بەرپرسی ئەمنی و والی موسڵ و دوو لە یاریدەدەرانی بدەن و بیانکوژن و دواتر رێکخراوەکە والییەکی تازەی دامەزراند. چەند رۆژێکە پارێزگای نەینەوا و هەندێ لە ناوچەکانی تکریت و رومادی و فەلوجە و بێجی و حەویجەو سەعدیە کەوتوونەتە ژێر کۆنترۆڵی رێکخراوی داعشەوە، لە ئاکامدا شەڕو پێکدادان لەنێوان داعش و هێزەکانی حکومەت و پێشمەرگە روویدا و بەدەیان کەس کوژران و برینداربوون.

دانیشتوانی رەسەنی موسڵ بە شێوەزاری موسڵاویانە قسەدەکەن کە ئەمەش لێکچوونێکی هەیە لەگەڵ شێوەزارەکانی باکووری سوریا، ئەم شێوەزارەی موسڵاوییەکان رۆڵی گەورەی هەبوو لە پارێزگاری کردن لە ناسنامەی شارەکە، زۆرینەی دانیشتوانی موسڵ لە پێنج هۆز پێکهاتوون کە بریتین لە (شەممەرو جبورو دلێم و تائی و بەقارە) ئەمە وێڕای مەسیحی و کورد و تورکمان، شایانی باسە شاری موسڵ لە ساڵی ١٠٨٠ی پێش زایین دروستکراوە.

**ناکۆکیی توند لەسەر هەردوو ئاستی ئایدیۆلۆژی و کۆمەڵایەتی هەیە لە نێوان داعش و پێکهاتەکانی گروپە چەکدارەکانی (بەعسی و نەقشبەندی و عەشایری) هەیە**

**رێکخراوی داعش بە زۆریی داوا لە خەڵکی موسڵ دەکات بێنە ریزی چەکدارانەوە و هەندێ ئافرەتیش هەن کە شان بەشانی پیاوانی داعش دەبینرێن**

ئەنتۆنی کۆردسمان

بەڕێوەبەری دیراساتی ستراتیژی لە ئامۆژگای CSIS بۆ گوڵان:

# ئەمریکا هەڵوێستی خۆی بەرامبەر پێشمەرگە گۆڕیوە.. بەڵام بۆ عیراق بەندە بە گۆڕینی مالیکییەوە

■

ئەنتۆنی کۆردسمان ئەو ئەکادیمیستەیە کە لەسەنتەری ستراتیژیی نێودەوڵەتی لە ساڵی ٢٠٠٦ سەرپەرشتی دارِشتنی راپۆرتی گرووپی دیراسەتی عیراقی دەکرد، کە پاشان بە راپۆرتی بیکەر - هاملتۆن ناوی دەبرا، دوای تەواوبوونی ئەم راپۆرتە و لەگەڵ بڵاوبوونەوەی راسپاردەکانی بۆ چارەسەری کێشەکانی عیراق، وتارێکی نووسی بە ناونیشانی (چاوەڕێمان کرد، شاخ بزێ، بەڵام مشکی بوو)، ئەمەش بەو مانایەی ئەو راسپاردانەی ئەو گرووپە گەورەیە بۆ چارەسەری کێشەی عیراق دەریکردوون، کێشەکانی عیراق ئاڵۆزتر دەکەن، نەك چارەسەری بکەن، کۆردسمان لەماوەی ساڵی ٢٠٠٣ – ئێستا بۆچوونەکانی سەبارەت بە عیراق حسابی وردی لەسەر کراوە و لەلایەن ئیدارەی ئەمریکیشەوە بەهەند وەرگیراوە. هەر بۆیە بۆ ئەم دۆخە هەستیارە، گوڵان بەپێویستی زانی جارێکی دیکە بارودۆخی ئێستا لەگەڵ کۆردسمان تاوتوێ بکات، لە ناو میدیاکانی کوردستانیش، گوڵان تەنیا میدیای کوردییە کە دووجار دیمانەی لەگەڵ کۆردسمان کردووە، ئەمجارەش کۆردسمان بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.



**ئەو کێشەیەی ئێمە ڕووبەڕووی بووینەتەوە داعش نییە، بەڵکو ئەو دابەشبوونە ناوخۆییەی عیراق و ئەو حکومەتەیە کە هاوکار بوو لە دروستکردنی هەلومەرجێک کە داگیرکاریی داعش شتێکی مومکین بێت**

**مالیکی شکستی هێناوە لە دابینکردنی پێداویستییەکانی خەڵکی عیراقدا و هەوڵی نەداوە ئەو ئاستە لە یەکڕیزی پیشان بدات کە عیراق زۆر پێویستی پێیەتی و هەر دەبێت بەدەستیشی بهێنێت بۆ ئەوەی بتوانێت پشتیوانیی نێودەوڵەتی مسۆگەر بکات**

**کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناوێکە، ئەدرێسێکی نییە و پەیکەرێکی ڕێکخراوی نییە، ئەمریکا ئامادەی هاوکاریی سەربازییە، بەڵام عیراق یەکێکە لەو چەندین ناوچەیانەی جیهان کە قەیرانی تێدایە**

*** دوو مانگ دەبێت تیرۆریستانی داعش دەستیان بەسەر بەشێکی زۆر لە خاکی عیراقدا گرتووەو هەروەها مەترسی دووبارەبوونەوەی سیناریۆی سووریا هەیە لە عیراقدا، بە چەشنێك زۆرێك لە عەرەبە سوننەکان و مەسیحییەکان و کەمینەکانی دیکە ڕووبەڕووی کۆمەڵکوژی و کۆچپێکردن و ئاوارەبوون بوونەتەوە، ئایا لەم کاتەدا چۆن هاوکاریی هەموو پێکهاتەکانی عیراق دەکرێت؟**

- پێموایە دەبێت خەڵکی عیراق لەو ڕاستییە تێبگەن، کە خەڵکی دیکە کاریان کردووە، بەڵکو ئێمە وەك ئەمریکا زۆر چاوەڕوانمان کردووە بۆ ئەوەی عیراق یەکڕیزیی نیشتمانی بخاتەڕوو، هاوکات ئیرادەی پێویستی هەبێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دانیشتووانی سوننەدا بۆ ئەوەی هەر دەستێوەردانێك بکرێت، کاریگەریی هەبێت. ئەو کێشەیەی ئێمە ڕووبەڕووی بووینەتەوە داعش نییە، بەڵکو ئەو دابەشبوونە ناوخۆییەی عیراق و ئەو حکومەتەیە کە هاوکار بوو لە دروستکردنی هەلومەرجێك کە داگیرکاریی داعش شتێکی مومکین بێت، هەروەها دەرئەنجامی گەندەڵی و لاوازیی هێزە ئەمنییەکانی عیراق بوو، بەڵام دەبێت وێنەیەکی ڕوون هەبێت کە پشتیوانیکردنی عیراق هەندێ گۆڕانکاری و دەرئەنجامی سوودبەخشی لێبکەوێتەوە، ئەمە مەسەلەیەك نییە، عیراقییەکان خۆیان گریمانەی ئەوە بکەن لە دەرەوەڕا هاوکاری بکرێن، ئەگەر خودی عیراقییەکان خۆیان هاوکاریی خۆیان نەکەن.

*** سەرەڕای ئەو قەیرانە سیاسییەی کە هەیە و ژمارەیەکی زۆری ئاوارە و پەنابەر لە کوردستاندا هەن، ئەوە هەشت مانگە مووچەی خەڵکی کوردستان بڕاوەو حکومەتەکەی مالیکی سزای ئابووری خستۆتەسەر کوردستان، ئایا چۆن سەیری سیاسەتی مالیکی دەکەن و چونکە ئێستا لە ڕووی ئەمری واقیعەوە عیراق بۆتە سێ بەش، کوردستان و دەوڵەتی ئیسلامی و بەشە شیعەکەی عیراق، ئایا تا چەند ئەمە ئەنجامی سیاسەتی هەڵەی مالیکی و سزادانی کوردستان و پشتیوانی نەکردنی هێزی پێشمەرگەیە؟**

- پێموایە مالیکی شکستی هێناوە لە دابینکردنی پێداویستییەکانی خەڵکی عیراقدا و هەوڵی نەداوە ئەو ئاستە لە یەکڕیزی پیشان بدات کە عیراق زۆر پێویستی پێیەتی و هەر دەبێت بەدەستیشی بهێنێت بۆ ئەوەی بتوانێت پشتیوانیی نێودەوڵەتی مسۆگەر بکات. کێشەکە لەگەڵ هەرێمی کوردستان و مامەڵەکردنی مالیکی لەگەڵ سوننەدا بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش مەترسیدارە و هۆکارە بۆ گەشانەوەی پشکۆی ئاگری شەڕی ناخۆ، ئەمە لە کاتێکدا پێویست بوو داهاتی نەوت ڕێگەخۆشکەر بووایە بۆ بەرەوپێشچوونی عیراق، بە پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ کە میسداقییەتی زیاتری هەبێت لە ڕووی یەکڕیزیی نیشتمانییەوە، ئەمەش مەسەلەیەکە کە هەموومان چاوەڕوان دەکەین، بەدی بێت. پێموایە پێویستە خەڵکی لەوە تێبگەین کە ئەگەر ئەمریکا چەك بداتە بەشێکی عیراق، ئەوا بۆی هەیە لە دژی بەشەکانی دیکە بەکاربهێنرێت، ئەمە یەکێکە لە هۆکارەکانی ئەوەی ئێمە چەك بە مالیکی نادەین، ئەگەرچی تازە ئەمریکا بڕێك چەکی پێداوە، دووبارە ئەمە مەسەلەیەکی سەرەکییە، چونکە پرسی سەرەکی لە ئێستادا بریتییە لەوەی ئایا حکومەتێکی یەکڕیزیی نیشتمانی دروست دەبێت کە وەك پێویست کارا و یەکگرتوو بێت بۆ ئەوەی پشتیوانیی نێودەوڵەتی بەدەست بهێنێت.

*** لە کاتێکدا هەست دەکرێت کە گەڕانەوە بۆ دۆخی پێش ڕووداوەکانی موسڵ شتێکی مەحاڵ بێت، ئایا تاچەند ئەمریکا ئەمری واقیعی دابەشبوونی ئێستای عیراق قبوڵ دەکات؟**

- دەرفەت بدەن ئەو ڕاستییە دووبارە بکەمەوە، ئەمریکا زۆر دوودڵە لە پشتیوانیکردنی عیراقێکی دابەشبووی لاواز، بە چەشنی ئەوەی ئێستا هەیە، لە سایەی ئەم هەلومەرجەی ئێستادا هەوڵی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی کوردستان نادات، یاخود پشتیوانی لێناکات. پشتیوانی ئەو بیرۆکەیە ناکات کە پێیوایە پێویستە عیراق دابەش بێت، ئەمانە چەند واقیعێکن کە مایەی مەترسین و دابەشبوونیان لێدەکەوێتەوە. کەواتە دەبێت خەڵکی عیراق تێبگات کە چارەسەرێکی سیحری نییە لە دەرەوە بێت و هاوکار بێت ئەگەر خودی عیراق خۆی هەنگاو نەنێت بەرەو ئاستێك لە یەکگرتوویی. ئەمە بە مانای پێچەوانەکردنەوەی ئەوە نایەت کە لە موسڵ ڕوویدا، بەڵکو بە مانای ئەوە دێت کە پێویستە هەوڵێکی ڕاستەقینە و بڕواپێهێنەر بدرێت بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی عیراقی کە کورد و شیعە و سوننە یەك بخات. پێموایە ئاستی هاوکاری ئەمریکا بە ڕادەیەکی زۆر دەوەستێتەسەر ئەو بەرەوپێشچوونە. ئەگەر بارودۆخەکە گەیشتە قەیرانێکی ڕاستەقینە، ئەوا بۆی هەیە هەلومەرجەکە بگۆڕێت. هەروەها ئەوەش ڕاستە کە هەموو باسانەی لەبارەی داعشەوە کران، یاخود موسڵ و بەشێکی گەورەی عیراق کە پێویستی بە ١٠,٠٠٠ چەکداری ئەمریکی دەبێت، کە دەبێت ئەمەمان لەبەرچاو بێت، کاتێك خەڵکی داوای ئاستێکی بەرزی هاوکاری ئەمریکا دەکات.

*** ئەگەر زانیاریتان هەبێت لەبارەی هێرشەکانی داعشەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، دەزانن کە ژمارەیەکی زۆری خەڵکی ئێزیدی ئاوارە بوون و بە هەزارانیان لێ کوژراوەو هەڕەشەی زیاتریان لەسەرە، ئەگەر هاتو ئایینی خۆیان نەگۆڕن بۆ ئیسلام، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە سەدەی بیست و یەکدا بێدەنگە لە ئاست هێزێکدا کە خەڵکی لەسەر زمان و ئایین دەکوژێت، ئایا چۆن ئەمە لێکدەدەنەوە؟**

- کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناوێکە، ئەدرێسێکی نییە و پەیکەرێکی ڕێکخراوی نییە، ئەمریکا ئامادەی هاوکاریی سەربازییە، بەڵام عیراق یەکێکە لەو چەندین ناوچەیانە لە جیهاندا کە قەیرانی تێدایە، بەڵام بۆ ئەوەی ئەمریکا بە قووڵی بێتە ناو مەسەلەکەوە ئەوا دەبێت عیراق ئەوە پیشان بدات کە بەلای کەمەوە لەسەر ئاستی سیاسی بەرەو یەکڕیزی هەنگاو دەنێت و ئەو هاوکارییە ئەنجامێکی کارای لێدەکەوێتەوە و لە کۆتاییدا نابێتە هۆی پشتیوانیکردن لە دابەشکردنی عیراق، یاخود شەڕی ناوخۆ، ئەگەر ئەوەش فشارێکی زۆر بخاتەسەر پێکهاتەی کورد و شیعە لە عیراقدا، هەروەها ئەو سوننانەی کە بەرهەڵستی داعش دەکەن، ئەوا ئەوانە چەند ڕاستییەکن کە ڕووبەڕووی خەڵك بوونەتەوە و ئەمریکا بۆ هەتاهەتایە لایەنگیریی لایەنێك ناکات، ئێمە پێشتر ئەم دۆخەمان بینیوە و پێویستە عیراقییەکان بە ڕوونی ئەوە پیشان بدەن کەبەلای کەمەوە دەستیان کردووە بە بونیاتنانی بونیادێکی حوکمڕانی و یەکڕیزی کە شایستەی

پشتیوانی لێکردن بێت.

*** لە حاڵەتی کارەساتی مرۆییدا خەڵکی، یان ئومێدیان بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەیە کە ئێوە دەڵێن دامەزراوەیەکی ڕێکخراو نییە، یاخود بە ئەمریکا، ئایا پێویستە کورد چی بکەن و ئایا کورد بە تەنیان؟**


- پێموایە دووبارە وەڵامەکە بە رادەیەکی زۆر دەوەستێتەسەر ئەوەی ئایا عیراق دەتوانێت حکومەتێکی نیشتمانی پێکبهێنێت، دوودڵییەکی زۆر هەیە لەلایەن ئەمریکاوە بۆ ئەوەی دەستێوەردان بکات ئەگەر حکومەتەکە پێکنەیەت و ئەگەر مالیکی پێداگیر بێت لەسەر مانەوە لە دەسەڵاتدا، لەلایەکی دیکەوە ئێمە گەڕانەوەی شەڕی تایفەگەری و ئیتنی دەبینین، ئەمانە کێشەگەلێکن کە پێویستە عیراق لەسەر ئاستی ناوخۆیی چارەسەریان بکات. ئەگەر چاوەڕێی ئەوە بکەن کە لە جیهانی ئێستادا کە چەندەها ناکۆکی و پێداویستی دژ بەیەك هەن، پشتیوانییەکی راستەوخۆ بکەن، ئەوا چەندەها کەس هەن لە ئەمریکا کە کاری لۆبیکردن ئەنجام دەدەن بۆ ئەم مەبەستە، بەڵام دەبێت زۆر وریا بن، کە یەکەم هەنگاو لەم رووەوە یەکڕیزیی عیراقە، ئەویش بە پێکهێنانی حکومەتێك کە ئەوە پیشان بدات کە پێداگرە لەسەر کۆکردنەوەی سەرجەم لایەنەکانی عیراق.


*** ئایا دەبێت کوردان باجی سیاسەتە هەڵەکانی مالیکی بدەن، ئایا هاوپەیمانێتییەکی نێودەوڵەتی دژی تیرۆر دروست دەبێت؟**

- ئەمە بە رادەیەکی زۆر دەوەستێتەسەر ئەوەی کە چی روودەدات لە هەفتەکانی داهاتوودا، ئەگەر ئەگەرێکی راستەقینە نەبێت بۆ یەکڕیزیی عیراق، ئەوا ئەمریکا و ئەو وڵاتانەی بە راستی بایەخ دەدەن بەوەی لە عیراقدا روودەدەن، رووبەڕووی چەند بڕیارێکی زۆر سەخت دەبنەوە، بۆ ئەوەی پشتیوانی کورد بکەن، یان شیعە و بۆ ئەم مەبەستە هاوکاریی سەربازی پێشکەش بکەن، بەڵام دەبێت ئەوە بڵێم تێڕوانینی ئیدارەی ئەمریکا بەرامبەر بە پێشمەرگەی کوردستان گۆڕاوە، بەڵام ئەمە مەسەلەیەك نییە کە بە سادەیی بیڵێت و رابگەیەنێت ئێمە کێشەمان هەیە و دووچاری کێشە بووینەتەوە و چاوەڕێی پشتیوانی دەکەین، نەتەوەکان بەرپرسیارێتیان لە ئەستۆدایە بۆ ئەوەی بایەخ بە خۆیان بدەن و لە زۆر رووەوە عیراق ئەو سەرکردایەتییە سیاسییەی نییە کە ئەو بەرپرسیارێتییەی پیشانبدات.

*** دوا وتەت چییە؟**

- پێموایە تاقیکردنەوەی سەرەکی لە ئێستادا بریتییە لەوەی ئایا هەوڵەکان لە بەغدا هیچ بەرەوپێشچوونێکی خێرایان لێدەکەوێتەوە کە دەبێتە هۆی دروستبوونی حکومەتێکی جێی متمانە و بەتوانا کە تێیدا سەرکردە سیاسییەکانی کورد و سوننە و شیعە پشتیوانی یەکڕیزیی عیراق و دیموکراسی بکەن، لەوەش زیاتر توانایەکی راستەقینەیان هەبێت بۆ حوکمڕانی. زۆر بە راشکاوی بەدیلەکە ئەوەیە تەنانەت ئەگەر هاوکاریی سەربازیشتان هەبێت، ئەوا دەبێت لە باکوور بڕوانن و لەو کێشانەی لە تورکیادا هەن، هەروەها بڕواننە سووریا و بڕواننە ئێران و ئینجا بیر لەوە بکەنەوە ئایا سەربەخۆیی کوردستان چ مانایەکی دەبێت لە جیهانی راستەقینەدا.




● ئەنتۆنی کۆردسمان

● پرۆفیسۆر ئەنتۆنی کۆردسمان سەرۆکی کورسی ئارلێ بێرکە بۆ کاروباری ستراتیژی لە سەنتەری دیراساتی ستراتیژیی نێودەوڵەتی.

● مەدالیای باشترین خزمەتکردنی لەوەزارەتی بەرگریی ئەمریکا پێبەخشراوە.


● لەم سەنتەرەدا چەندین دیراسات و توێژینەوەی لەبارەی وزە و پلانی ستراتیژی و بەرگریی ئەمریکا و پەندەکانی شەڕی تازە و پرۆگرام و بودجەی بەرگری و بڵاوبوونەوە و قەڵاچۆکردنی تیرۆر و ئاسایشی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کێشەکانی عیراق بڵاو کردۆتەوە.


● پێشتر بەڕێوەبەری نووسینگەی وەزیری بەرگریی ئەمریکا بۆ هەڵسەنگاندنی کاری هەواڵگری بووە.


● یاریدەری مەدەنی جێگری وەزیری بەرگری ئەمریکا بووە.

● چەندین پۆستی حکوومی لە ئیدارەکانی ئەمریکا لە وەزارەتی دەرەوە و دەستەی ئەرکانی نێودەوڵەتی لە هاوپەیمانیی ئەتڵەسی وەرگرتووە.

● چەندین جار بۆ کاری سیاسەتی دەرەوە لە وڵاتانی بەریتانیا و لوبنان و میسر و ئێران راسپێردراوە.



**سوبحانەڵڵا خەڵکانێک هەن چاویان بەرایی نادات دەسکەوتێک لەسەر دەستی کەسێکی دیکە بێتەدی، واتە هەیە پێی خۆشە ئەگەر لەسەر دەستی خۆی نەبێت، تێکی بدات، بێگومان ئەمەش نەخۆشییەکی دەروونی ترسناکە، ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە کوردستان ببێتە دەوڵەت و سەربەخۆیی خۆی رابگەیەنێت**



مەلا محەممەد نەسروڵڵا

پێشنوێژ و وتارخوێنی مزگەوتی عەلی کەمال لە سلێمانی:

# بڕیاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ڕاپرسی بڕیاری هەر تاکێکی ئەم نیشتمانەیە

**ڕۆژ لەدوای ڕۆژ هەنگاوەکان بۆ نزیکبوونەوە لەسەربەخۆیی کوردستان ئومێدبەخشتر دەبن، هەموو تاکەکانی ئەم وڵاتەش هەموو ئومێدیان ئەوەیە ڕۆژێك زووتر سەرۆکی کوردستان ئەم بڕیارە بدات، دیارە لەنێو خەڵکی کوردستان مامۆستایان و زانایانی ئایینی ئیسلام ڕۆڵێکی دیار و بەرچاویان هەیە و لەهەموو پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا وەك ئەرکێکی ئایینی و نیشتمانی هەڵوێستی خۆیان هەبووە. بۆ قسەکردن لە بارودۆخی ئێستا و هەوڵەکان بۆ سەربەخۆیی سەردانی بەڕێز مامۆستا محەممەد نەسروڵڵا پێشنوێژ و وتار خوێنی (مزگەوتی عەلی کەمال)مان لە سلێمانی کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی (گوڵان)ی دایەوە.**

*** ئایا بەڕێزتان وەك مامۆستایەکی ئایینی و پێشنوێژ و وتارخوێنێك چۆن بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان دەبینیت و ڕای ئێوە لەسەر ئەم بارودۆخە چییە؟**

- بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان، پێش هەموو شت سوپاسی گوڵان دەکەم، کە هاتوونە سلێمانی و ئەم دیدارە لەگەڵ من سازدەکەن، سەبارەت بە پرسیارەکەشتان من پێموایە دەبێت مرۆڤ هەمیشە گەشبین بێت و بە گەشبینییەوە سەیری ئایندە بکات، هەر مرۆڤی گەشبینیش سەرکەوتوو دەبێت، هەر کەسی گەشبین دەتوانێت بە جوانی ناخی نەتەوەی خۆی ببینێت و بونیادی ئایندە بکات، ئەم قۆناخەی ئێستای کوردستانیش پێیدا تێدەپەڕێت، هەتا بڵێی قۆناخێکی هەستیارە، بە ئاستێکیش هەستیارە کە هەموو کەسێك لە دوورەوە هەستی پێدەکات، لە میدیاکانی جیهانیشدا ڕەنگدانەوەی هەیە. دیارە ئەم قۆناخە، قۆناخی گواستنەوەیە بەرەو سەربەخۆیی و بەرەو بڕیاردانی مافی چارەنووس و بەرەو جیاکردنەوەی سنوورەکانی باشووری کوردستان دەچین، هەموو ئەو ناوچانەش کە چەندین ساڵە لە کورد زەوتکراون، وا دووبارە گەڕاونەتەوە بۆ سەر سنووری باشووری کوردستان، هەموو ئەم هەنگاوانەش کۆمەڵێك ئاستەنگ و گرفتیان لەبەردەمدایە، بۆیە دەبێت هۆشیار و یەکگرتوو بین، بۆ ئەوەی بەسەر ئەو ئاستەنگ و گرفتانەدا زاڵ بین، ئەمەش دۆخێکی هەستیاری لە ڕادەبەدەری دروست کردووە.

*** ئاماژەتان بەوە کرد بەرەو وەرچەرخان بۆ سەربەخۆیی دەچین، ئایا چۆن هەموومان خۆمان بۆ ئەم هەنگاوە ئامادە بکەین؟**

ئەم قۆناخە، قۆناخی گواستنەوەیە بەرەو سەربەخۆیی و بەرەو بڕیاردانی مافی چارەنووس و بەرەو جیاکردنەوەی سنوورەکانی باشووری کوردستان دەچین، هەموو ئەو ناوچانەش کە چەندین ساڵە لە کورد زەوتکراون، وا دووبارە گەڕاونەتەوە بۆ سەر سنووری باشووری کوردستان

- پێش هەموو شت ئێمە وەك گەلی کوردستان دەیان ساڵە بنەمای بوون بە دەوڵەتمان هەیە، لەبەر ئەوەی هەموو دەوڵەتێك چەند بنەمایەکی هەیە و ئەو بنەمایانەش بریتین لە: خاك و زمان و گەل، هەروەها بوونی دەستوور و یاسا بۆ ئەوەی گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی لەنێوان تاکەکانی ئەو گەلە دروست بکات، بۆ ئەوەی خۆیان بەڕێوەبەرن، ئەم بنەمایانە چەندین ساڵە لە باشووری کوردستان بوونیان هەیە، بەڵام ئەوەی هەتا ئێستا ڕێگر بووە لەوەی باشووری کوردستان ئەو هەنگاوە هەڵبگرێت و بڕیاری دەوڵەتی سەربەخۆ بدات، دیارە بارودۆخ و هەلومەرجی نێودەوڵەتی بووە، بۆ ئەمەش هەوڵی زۆری داوە، بەڵام هەوڵەکانی سەرکەوتوو نەبوون. مافی دامەزرانی دەوڵەت بۆ کورد وەك هەر گەلێکی دیکەی ئەم زەمینە مافێکی زۆر ئاسایی خۆیەتی کە بڕیاری لە سەر بدات، هەروەها هیچ ئایەتێکی قورئانیش نییە کە فەرزی کردبێت ئیللا کورد هەر دەبێت لەگەڵ عەرەب بژی، لەبەر ئەوەی هەر نەتەوەیەك بە شێوەیەك بیردەکاتەوە و هەر یەکەشیان هیواو ئامانجی خۆی هەیە، بۆیە مەرج نییە کورد لەگەڵ فارس و تورك و عەرەب هەتایە پێکەوە بژین، لەمەش زیاتر ئەگەر سەیری ڕوانگەی ئاساییشی ئەم جیهانەوە بکەین و مەبەستمان پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی ئەم سەرزەمینە بێت، ئەوا ئاشتی و ئاسایش پێویستی بەوە هەیە کە گەلێك خاوەنی قەوارەیەکی سیاسیی خۆی بێت و خۆی خۆی بەڕێوەبەرێت، بۆ ئەوەیە لەسەر بنەمای دراوسێیەتی باش و بەرژەوەندیی هاوبەش ڕێز لەیەکتری بگرن، لەبەرامبەر ئەمەدا ئەگەر سەیری مێژوو بکەین، دەبینین لەو کاتەوە بەزۆر کورد بەو دەوڵەتانەوە لکێنراوە، هەمیشە ئاژاوەو ناسەقامگیری بەردەوام بووە، سەرەنجامیش ژینۆساید و کارەساتی خوڵقاندووە، بۆیە ناکرێت ئەمە تاسەر درێژەی هەبێت و دەبێت کوردیش خاوەنی قەوارە و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی بێت.

*** لەم بارودۆخە تازەی هاتۆتە پێشەوە، بە ئەمری واقیع عێراق دابەش بووە، ئێستا کوردستان بە درێژایی ١٠٠٠ کیلۆمەتر سنووری لەگەڵ دەوڵەتێکی تیرۆریستی هەیە، ئایا لە ئێستادا ئەرکی سەرشانی هەر تاکێکی ئەم کوردستانە دەبێت چۆن بێت؟**

- ئێستا هەرتاکێکی کوردستان بە تورکمان و ئەو عەرەبانەشی چەندین ساڵە لە کوردستان نیشتەجێ بوون، واتە هەموو پێکهاتەکانی کوردستان بە جیاوازی ئایین و نەتەوەوە ئەرکی سەرشانیانە هەموومان یەك هەڵوێست و یەکڕیز بین، بۆ ئەوەی ئەم قۆناخە سەختە تێپەڕێنین، هەروەها پێویستە هێزە سیاسییە کوردستانییەکانیش هەموویان یەکڕیز و یەکگرتوو بن و لە ئێستادا واز لە بیروبۆچوون و ئامانجە حزبییەکانیان بێنن و هەموو ئامانجیان لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی نیشتمانییەوە یەکبخەن، لەبەر ئەوەی ئەم فرسەتەی ئێستا بۆمان هەڵکەوتووە، یەکێکە لەو فرسەتانەی کە جاری وا هەیە بە ١٠٠ ساڵ فرسەتی وا دروست نابێتەوە، لەبەر ئەوە دەبێت خەمی هەموومان ئەوە بێت، ئەم فرسەتە لەدەست نەدرێت و نابێت بۆ بەرژەوەندی حزبایەتی تەسك، چاومان ئەم فرسەتە گەورەیە نەبینێت کە بۆ میللەتەکەمان هاتۆتەپێشەوە، بۆیە بۆ ئێستا دوو خاڵی زۆر گرنگ بە پێویست دەزانم، کە پێویستە هەموو حزبە سیاسییەکان لەبەرچاوی بگرن، یەکەمیان ئەوەیە نابێت ڕێگە بدەین ئەوەی هەتا ئێستا بەدەستمان هێناوە لەدەستی بدەین، دووەمیان ئەوەیە هەنگاو بۆ دەسکەوتی زیاتر هەڵبگرین. هەر بۆ نموونە ئێستا ناوچە دابڕێنراوەکان گەڕاونەتەوە، بۆیە ئەمە دەسکەوتێکی گرنگە و دەبێت بە جۆریك هەنگاوی بۆ هەڵبگیرێت، بۆ ئەوەی ئەو ناوچانە بە تەواوەتی بگەڕێنەوە و جارێکی دیکە لەدەستمان نەچێتەوە.

*** ئەو ناوچانەی گەڕاونەتەوە بۆ سەر سنووری باشووری کوردستان، ئێستا لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە بەرگرییان لێدەکرێت، ئایا ئێمە چۆن پشتیوانی لە پێشمەرگە قارەمانەکان بکەین؟**

- دیارە پێشمەرگەی کوردستان بەشێکن لە ئێمە و بە پێشمەرگەی خۆمانیان دەزانین و هەر ئەو قارەمانەن کە لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو هەتا ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ خەباتیان کردووە بۆ سەربەخۆیی کوردستان، خەباتیان کردووە بۆ لابردنی زوڵم و ستەم لەسەر ئەم میللەتە، خەباتیان کردووە بۆ ئەوەی بەرگری لە شەرەف و کەرامەتی ئەم میللەتە بکەن، بۆیە هەتا ڕاپەڕینە مەزنەکە پێشمەرگە دەچووە هەر ماڵێکی ئەم کوردستانە، ئەو خەڵکە هەستی دەکرد فریشتە چۆتە ناو ماڵەکەی، ئەو پێشمەرگانەی ئێستا بەرگری لە سنووری کوردستان دەکەن، هەمان ئەو پێشمەرگانەن کە پێش ڕاپەڕین شەرەف و کەرامەتیان دەپاراستین، بۆیە لە ئێستادا دەبێت بە هەمان چاو سەیری پێشمەرگە بکەین و وەك فریشتە سەیریان بکەین، هەروەها دەبێت ئەو هەستە دروست بێتەوە کە پێشمەرگە پارێزەری کوردستانە و وەك پێشمەرگەی لایەنێکی سیاسی سەیر نەکرێت و تەنها وەك پێشمەرگەی کوردستان سەیر بکرێن و تەنها وەزارەتی پێشمەرگە بەرپرس و

مافی دامەزرانی دەوڵەت بۆ کورد وەک هەر گەلێکی دیکەی ئەم زەمینە مافێکی زۆر ئاسایی خۆیەتی کە بڕیاری لە سەر بدات، هەروەها هیچ ئایەتێکی قورئانیش نییە کە فەرزی کردبێت ئیللا کورد هەر دەبێت لەگەڵ عەرەب بژی، لەبەر ئەوەی هەر نەتەوەیەک بە شێوەیەک بیردەکاتەوە و هەر یەکەشیان هیواو ئامانجی خۆی هەیە

کۆکەرەوەی هەموو هێزی پێشمەرگەی کوردستان بێت، لە ئێستاشدا هەلێکی زۆر باش بوو بەوەی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان بڕیارێك دەربکات بۆ ئەوەی تەجنیدی لاوەکانی کوردستان بکرێت، بۆ ئەوەی لاوەکان ناوی خۆیان بنووسن و ببنە پێشمەرگە و بەرگری لە خاکی کوردستان بکەن، بۆیە ئەگەر سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەو بڕیارە دەربکات، ئەوا مەسەلەی پێشمەرگە دەبووە مەسەلەیەکی گەورە و فراوانتر، بۆیە من ڕووەدەکەمە هەر تاکێکی ئەم وڵاتە و پێیان دەڵێم: بە هەر جۆرێك بۆمان دەکرێت، دەبێت پشت و پەنا بین بۆ پێشمەرگە و دەبێت هاوکارییان بکەین، چونکە پێشمەرگە پێشمەرگەی خۆمانە و پارێزەری خاکی کوردستانن، لەمەش زیاتر دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان مووچەی وەزارەتی پێشمەرگە بخاتە پێش مووچەی هەموو وەزارەتەکانی دیکە، ئەم پێشخستنە نابێت پەیوەندی بە بارودۆخێکی تایبەتییەوە هەبێت، بەڵکو لەشەڕ بین، یان ئاشتی، دەبێت مووچەی وەزارەتی پێشمەرگە پێش مووچەی هەموو وازەرەتەکانی دیکە بێت، لەلایەکی دیکەوە گرنگە ئەو سۆزەی بۆ پێشمەرگە هەمانە بە کردار بەرجەستەی بکەین، هەر لە گەرەکەکانی خۆمانەوە گرنگە سەردانی ماڵی پێشمەرگە بکەین و ماڵ و منداڵەکانیان بەسەر بکەینەوە، دەبێت ئەوەشمان لەبەر چاو بێت، کە بەشێکی زۆری خانەوادەی پێشمەرگە موستەحەقی زەکات و هاوکاری کردنن، بەشێکی زۆریان کرێچین و کرێیەکەیان پێنادرێت، بۆیە گرنگە تادەتوانین هاوکاری پێشکەشیان بکەین، ئەرکی سەرشانی هەموو لایەکمانە هاوکاری پێشمەرگە بکەین.

*** بەڕێزتان ئاگادارن بۆ هەنگاوهەڵگرتن بۆ پرسی بڕیاردانی مافی چارەنووس، بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان ماوەیەك لەمەو پێش سەردانی پەرلەمانی کوردستانی کرد، بۆ ئەوەی یاسایەك ئامادە بکەن، بۆ ئەوەی ڕاپرسی لە کوردستان ئەنجامبدرێت، لە ئێستادا تاچەند گرنگە هەموو گەلی کوردستان پێکەوە پشتگیری هەنگاوەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بکەن؟**

- ئێمە وەك کەسایەتی و مامۆستا ئاینییەکانی کوردستان لەهەموو پرسە چارەنووسسازەکاندا هەڵوێستمان هەبووە و هەڵوێستیشمان دەبێت، هەروەها پشتگیریی سەرکردایەتیی سیاسیی خۆشمان دەکەین، بۆ ئەوەی ئەو هەلانەی هاتوونەپێش لە دەست نەچن، بۆیە دوای ئەوەی ئەو یاسایە لە پەرلەمان دەردەچێت، پێویستە کاری بۆ بکەین بۆ ئەوەی کۆدەنگییەکی نیشتمانی بۆ دروست بکەین، ئێمە وەك مامۆستایانی ئایینی ئامادەین لە وتاری ڕۆژانی هەینی کە پێموایە نزیکەی یەك ملیۆن موسڵمان لە کوردستان بەشداری نوێژی هەینی دەکات، وتارەکانی بۆ تەرخان بکەین و پشتگیری ڕاپرسی بکەین و کۆدەنگی نیشتمانی بۆ دروست بکەین، لەمەش گرنگتر دەتوانین لە ڕێگەی لیژنەی باڵای یەکێتی زانایانی ئیسلامەوە بیکەین بە فەتوا، سوپاس بۆ خوا منیش یەکێکم لەوانەی بەشدارییان لەگەڵ دەکەم، لەم کاتە دەتوانین فەتوایەکی مەرکەزی بۆ دەربکەین و لە مزگەوتەکان بڵاو بکرێتەوە بۆ ئەوەی هەموو هاووڵاتیەك وەك ئەرکێکی شەرعی بەشداری ئەو ڕاپرسیە بکات، پێویستە پشتگیری لەو بڕیارەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بکرێت، لەبەر ئەوەی ئەو بڕیارەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بڕیاری هەر تاکێکی ئەم نیشتمانەیە، سەرۆکی هەرێمیش کە هەڵبژێردراوی ئەو خەڵکەیە، بە نوێنەرایەتی ئەو خەڵکە کاروبارەکان جێبەجێ دەکات.

*** لەم بارودۆخە هەستیارە زۆرجار گوێمان لەهەندێك دەنگۆ دەبێت، بەوەی کاتی سەربەخۆیی کوردستان نییە، ئایا پێویستە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم دەنگۆیانە بکرێت و لەوبارەیەوە ڕاتان چییە؟**

- ئێمە دەبێت بیروبۆچوونی جیاواز وەك خاڵی بەهێزی خۆمان سەیر بکەین، نەك بیکەینە خاڵی لاوازی، بۆیە ئەوانەی پێیانوایە کاتی نییە و مەترسی هەیە، ئەوا دەبێت لەگەڵیان قسە بکەین و بزانین ئەو مەترسییە واقعییە، یان وەهمییە، ئەگەر واقعی بێت، دەبێت لەبەر چاوی بگرین و پلانی بۆ دابنێین، ئەگەر وەهمیش بێت، دەبێت قەناعەتیان پێ بکەین کە ئەوە وەهمییە و بوونی نییە. لەم ماوەیە ڕاستە کۆمەڵێك لە وڵاتانی دەوروبەر نارەحەتی خۆیان بەرامبەر سەربەخۆیی کوردستان دەربڕیوە، تەنانەت لە میسریش، سیسی کە بە کودەتا هاتۆتە سەر حوکم، نارەزایی خۆی دەربڕیوە، هەروەها لەناوخۆش ئەو دەنگۆیانە هەیە، بە بۆچوونی من ئەوانەی ناوخۆ سەرچاوەکەی ئەوەیە سوبحانەڵڵا خەڵکانێك هەن چاویان بەرایی نادات دەسکەوتێك لەسەر دەستی کەسێکی دیکە بێتەدی، واتە هەیە پێی خۆشە ئەگەر لەسەر دەستی خۆی نەبێت، تێکی بدات، بێگومان ئەمەش نەخۆشییەکی دەروونی ترسناکە، ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە کوردستان ببێتە دەوڵەت و سەربەخۆیی خۆی ڕابگەیەنێت. یەك کاتژمێر زووتر ئەم بڕیارە بدرێت گرنگە، پێویستیشە ئەو بڕیارە بدرێت، ئەوجا هەر کەسێك بڕیارکە دەدات، گرنگ ئەوەیە ئەو بڕیارە بدرێت.

**پێشمەرگەی کوردستان بەشێکن لە ئێمە و بە پێشمەرگەی خۆمانیان دەزانین و هەر ئەو قارەمانەن کە لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو هەتا ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ خەباتیان کردووە بۆ سەربەخۆیی کوردستان، خەباتیان کردووە بۆ لابردنی زوڵم و ستەم لەسەر ئەم میللەتە**

**لە ئێستاشدا هەلێکی زۆر باش بوو بەوەی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان بڕیارێك دەربکات بۆ ئەوەی تەجنیدی لاوەکانی کوردستان بکرێت، بۆ ئەوەی لاوەکان ناوی خۆیان بنووسن و ببنە پێشمەرگە و بەرگری لە خاکی کوردستان بکەن، بۆیە ئەگەر سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەو بڕیارە دەربکات، ئەوا مەسەلەی پێشمەرگە دەبووە مەسەلەیەکی گەورە و فراوانتر**





# کێ دەیەوێت بوونی مەسیحی و فرەیی و لێبوردەیی لە عیراق بسڕێتەوە؟



کازم حەبیب
تایبەت بۆ گوڵان نوسیویەتی

عیراق رووبەڕووی چەندین جۆری پاکتاوکردنی گەلەکەی دەبێتەوە، کە ژمارەیەك ڕێکخراوو هێزی خۆجێیی و ئیقلیمی بەشداری تێدادەکات، ئەمە وێڕای ڕێکخراوی نێودەوڵەتی، عێراق وای بۆ دەخوازرێ کە سەقامگیر نەبێت و هێمن نەبێ و پەرەنەسەنێت، هەروەها گەلەکەی بە سامانی نەوتی خۆی شاد نەبێت، متمانەی بە خۆی نەمێنێت و یەکێتیی پێکهاتەی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی لێکبترازێت، عێراق بۆی دەخوازرێ کە سوود وەرنەگرێت لە فرە نەتەوەیی و رۆشنبیری و ئایینی و مەزهەبی، ئەو تابلۆ فرەڕەنگییە جوانە نەمێنێت، بەڵکو ئەم فرەڕەنگییە بگۆڕێت بۆ ململانێی هەمیشەیی کە مردن و کاولکاریی زیاتری بەدوادا دێت، دەیانەوێت مەسیحییەکان لەناوبەرن هەروەکو چۆن لە کۆتایی چلەکان و سەرەتای پەنجاکانی سەدەی رابردوو نزیکەی ١٥٠٠٠٠ جوولەکەی عیراقی لە ژن و پیاوو منداڵ و لاوان کە زۆرینە بوون یان رۆشنبیرو خوێندەوارو پیشەوەر بوون کە بۆ یەکجاری ئەو وڵاتەیان بەجێهێشت.

**هاووڵاتیانی مەسیحی و سابئەی مەندائی هەزاران ساڵە هاووڵاتی رەسەنی وڵاتن، بەشدارییان لە بنیادنانی شارستانێتی کۆن و نوێی عیراقدا کردووە، مەسیحییەکان ئەوان لە هۆزەکانی ئاشووری و کلدانی و سریانی بوون کە بەر لە عەرەب و موسڵمانان لە عیراق نیشتەجێ بوون**

بەر لە چەند ساڵێك ئاماژەم بەوەدا کە ئەوەیان بۆ عێراقییەکان دەخواست تەنانەت بەر لە دواشەڕی ساڵی ٢٠٠٣، دوای شەڕو داگیرکردن ئینجا ئەمینداری گشتی دەستەی داکۆکیکردن لە لایەنگرانی ئایین و مەزهەبەکان لە عیراق ئەمەی دووپات کردەوە، چەندین جاریش بە هەمان شێوە لە دوا کۆنگرەکەیدا لە شاری سلێمانی لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٢ هەر جەختی لەسەر ئەمە کردەوە، دوای ئەویش ڕێکخراوی دۆستانی بەرتڵە( شاری مەسیحیی عیراقییەکان) لە یەکەم کۆنگرەیدا کە لە پاییزی ٢٠١٣ لە هەولێر بەسترا بە تێروتەسەلی گفتوگۆی لەسەر کرد، کۆنگرەکە بە روونی دووپاتی کردەوە کە پلانێکی دڕندە لە ئارادایە بۆ کۆچ پێکردنی مەسیحییەکان بۆ دەرەوەی عیراق، بۆیە پێویستە لەسەر عیراقییەکان بەرەوڕووی ئەم تاوانە قێزەوەنە چاوەڕوانکراوە ببنەوە، کە بە هەموو شێوازێك پیادەدەکرێت تاکو یەك تاکە مەسیحی لە عیراق نەمێنێت.

بەڵام ئایا مەسیحییەکان بە تەنیا رووبەڕووی تاوانی چۆڵکردنی عیراق دەبنەوە یان شوێنکەوتووانی ئایینەکانی دیکەش بە هەمان شێوە؟ بەڵێ ، لە راستیدا هەر مەسیحییەکان نین، بەڵکو شوێنکەوتووانی مەندائی کە لە ئێستادا تەنیا چەند هەزارێکی کەمیان لێ ماوەتەوە کە پێشتر بە ٧٠ هەزار کەس مەزەندە دەکران، ئەوانە لە هەریمی کوردستان یان لە باکوور نەبوون بەڵکو لە ناوەڕاست و باشووری عیراق بوون، بە زۆرەملێیی ئاوارەکران و موڵك و ماڵیان داگیرکرا و پەلاماری ئافرەتەکانیان دان و ژمارەیەك پیاویشیان لێ کوشتن، ئەوانەی دیکەش بەرەو هەرێمی کوردستان هاتن و لێرە نیشتەجێن کە لە سایەی بوونی ئاساییش و سەقامگیری ژیان بەسەر دەبەن، خۆ ئەگەر سەفەری بەسرە بکەن بە کەمیی تووشی هاووڵاتی مەسیحی دەبن چونکە ئەوانیش دەرکران و ماڵیان داگیرکراو زۆربەشیان بەر تەقینەوەو کوشتن کەوتن و ماڵ وکەنیسەکانیشیان لە بەغداو موسڵیش تەقێنرانەوەو سووتێنران، زۆربەی ئەو خێزانە مەسیحییانە کە بەزۆری لە باشوورو ناوەڕاست و بەغداوە دەرکران لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێ بوون، لە ئێستاشدا ژمارەی مەسیحییەکانی موسڵ کە روویان لە هەرێمی کوردستان کردووە (١٥٠٠٠- ٢٠٠٠٠) کەس دەبێت، هەروەها شەبەکی موسڵیان ناچارکرد کە بێنە هەرێمەوە، کە زیاتر لە ١٠٠ هاووڵاتییان لێ کوژرا، بە هەمان شێوە تورکمانی تەلەعفەر روویان لە بەغدا یان بابل کرد.

هەمووممان دەزانین کە میلیشیا تایفەگەرییەکانی چەکداری شیعە وەکو میلیشیای سوپای مەهدی و حزبوڵلا و بەدرو چەند ڕێکخراوێکی چەکدار کە ئێران لە کاتی خۆیدا دروستی کردبوون، هەر ئەوان بوون کە مەسیحییەکانیان لە ناوەڕاست و باشووری عیراق دوای رووخانی رژێمی پێشوو راونا، هەر ئەوان بوون کە ماڵیان داگیرکردو لەژێر هەڕەشەی کوشتندا دەربەردەریان کردن، لە بەغداش مەسیحییەکان بە هەمان شێوە مامەڵەیان لەگەڵدا کرا، بەڵام لە بەغدا بە شێوەیەکی تایبەت قاعیدەی تاوانبارو تیرۆریست بەشداریان لەو کارەدا کرد، وێڕای هەندێ میلیشیای تایفەگەری چەکداری شیعە و گروپی دیکەی چەکدار. خەم و مەرامی ئەوانە تەنیا ئەوە نەبوو کە ماڵ و سامانی مەسیحی و سابئەی مەندائی بدزن وخانووەکانیان بتەقێننەوە و کەنیسەکانیان بسووتێنن، بەتایبەتیش تەقاندنەوەی کەنیسەی سەیدە ئەلنەجات و ئەو قەسابخانەیەی کە لەناو ئەو کەنیسەیە روویدا، بەڵکو مەبەست و مەرامیان ئەوە بوو کە بە یەکجاری نەیانهێڵن و عیراقیان لێ چۆڵ بکەن، بەڵام لە موسڵ هێزەکانی قاعیدەو هەندێ هێزی توندڕۆی ئایینی ناوخۆ کردەوەی تاوانکاریی زۆریان ئەنجام دا، لەوانە کوشتنی قەشەکان و سووتاندنی کەنیسەکان و هەڕەشەکردن بە کوشتنی ژمارەیەکی زۆر مەسیحییەکان بەر لەوەی داعش و بەعسی و نەقشبەندییەکان موسڵ داگیربکەن کە دواتر ناوچەی

دیکەی ڕۆژئاوای عیراقیشی بەدوادا هات.

هاووڵاتیانی مەسیحی و سابئەی مەندائی هەزاران ساڵە هاووڵاتی ڕەسەنی وڵاتن، بەشدارییان لە بنیادنانی شارستانێتی کۆن و نوێی عیراقدا کردووە، گومانیشی تێدا نییە کە مەسیحییەکان پێش ئەوەی ببنە مەسیحی ئەوان لە هۆزەکانی ئاشووری و کلدانی و سریانی بوون کە بەر لە عەرەب و موسڵمانان لە عیراق نیشتەجێ بوون، تا ئێستاش لە زۆر شاری عیراقی وەك کەربەلا و نەجەف بۆ نموونە زۆر شوێنەواری کەنیسەو دێرەکانیان دەدۆزرێنەوە، کە پێشتر ئەوانە لەو شوێنانە و بەر لە سەپاندنی دەسەڵاتی عەرەبی و ئیسلامی لە عیراق بوونیان هەبووە.

تاوانی چۆڵکردنی عیراق لە شوێنکەوتووانی ئایینەکانی دیکە بەر لە داگیرکردنی موسڵ لەلایەن داعشەوە دەستی پێکرد، بەڵام هیچ کام لە حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عیراق دوای ڕووخانی سەدام بە هیچ شێوەیەك ڕێکاری پێویستیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دیاردەیە نەگرتەبەر، بەڵکو بێ دەنگییان لێکرد، ناشزانین کام لا بەشداریان تێداکرد، بەڵام بە قەناعەتێکی زۆرەوە دەڵێین کە میلیشیا چەکدارە تایفەگەرەکان ئامرازی بەکارهێنانی ئەم مەرامە بوون بۆ پاکتاوکردنی بوونی مەسیحی و مەندائییەکان لە عیراق.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە ئامانجەکە تەنیا مەسیحی و سابئەکان نین، هەرچەندە ئامانجی یەکەمیشن، بەڵکو ئامانجەکە لەوە زیاترە و پەل دەکێشێت بۆ ئەوەی کوشتار لە نێوان شیعەو سوننە بکەوێتەوە، تاکو هەر یەکەیان زیاتر لەوەی دیکە بکوژێت بەمەبەستی ئەوەی ئەو دەوڵەتە هەرەسهاتووەو نەبوونی یاسایە و ناسەقامگیرییەی عیراق درێژەبکێشێت.

ئەرکی بەرەوڕووبوونەوەی ئەم ڕەوتە تاوانکارییەو ئەو شەپۆلە بەهێزە زۆر پیرۆزە و لە هەمان کاتیشدا ئاڵۆزو قورسە، بەڵام نابێ بەهیچ شێوەیەك بەسەریدا ڕەت بین، ئەمە ئەرکێکی لەپێشینەیە و بەرپرسیارێتییەکەی دەکەوێتە ئەستۆی هەموو عیراقییەك کە هەست بە وڵاتپارێزیی و ڕژانی هەر دڵۆپە خوێنێك بکات و یان هەست بکات بە ئاوارەکردن و ڕاگواستنی هەر مەسیحییەك یان مەندائییەك یاخود یەزیدییەك یانیش هەر موسڵمانێکی شیعە و سوننە لە عیراق کە جارێکی دیکە بۆی نەگەڕێتەوە.

لەسەر هێزە دیموکراتخوازەکانی عیراق و هەموو شەڕەفمەندانی عیراق بە پیاوو ژنەوە پێویستە، بە ئەرکی خۆیان بزانن کە ڕووبەڕووی ئەو هێزانە ببنەوە کە بەرپرسن لەو دۆخەی کە لە عیراقدا دەگوزەرێت، ئەو هێزانەی کە داکۆکیکارن لە مافەکانی مرۆڤ بە ڕێکخراوو و کۆمەڵەکانی مافی مرۆڤەوە لە ناوەوەو دەرەوەدا، ئەوان بە نیازن لە مانگی تشرینی دووەمی ئەم ساڵدا کۆنگرەیان لە بەرلین ببەستن، بە تەواوی بایەخ بە بەرەنگاربوونەوەی ئەو پیلانانە دەدەن کە دژی مافەکانی مرۆڤ و مافی ژیان لە نیشتمان و کارکردن و کەرامەتن، هەروەها هەوڵ دەدەن ئەوە لەبەر چاوی خۆیان دابنێ کە بیرو پرەنسیب و شەرعییەتدان بە مافەکانی مرۆڤ بڵاو بکەنەوە، یەکێك لە ئەرکەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕای گشتیی جیهان ئەوەیە کە یارمەتی و پشتگیریی پێشکەش بە پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان بکات ئەوانەی لەلایەن هێزە تیرۆریستییکانی نێودەوڵەتی و ئیقلمی و ناوخۆییەوە هەڕەشەیان لێ دەکرێت، هەروەها کۆمەکی خێرا پێشکەش بە ئاوارەبووانی مەسیحی و شەبەك و هی تر بکات ئەوانەی لە ترسی داعش و هاوپەیمانەکانیان ڕوویان لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان کردووە، چونکە ناکرێ حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو ئەرکە قورسە لە ئەستۆ بگرێت بەبێ پشتیوانیی نێودەوڵەتی و عیراقی، ئەرکی ڕاستەوخۆی ئێمەش بریتییە لە بەرزکردنەوەی ورەو چالاکییەکانی خەڵك کە هانی خەبات و خۆڕاگریی دەدەن، لەم ڕوانگەوە بەرزکردنەوەی ورەی یەکدی زۆر پێویستە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو ڕووداوانەی لە عیراق دەگوزەرێن و هەوڵ بدەین بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری و پارێزگاریی کردن لەو پێکهاتانە کە لای ئێمەو هەموو عیراقییەکان خۆشەویستن، لە پێناو هێنانەکایەی عیراقێکی مەدەنی و دیموکراسی فیدرالی ئازادو یەکگرتوودا.

تاکە چارەسەری سەرکەوتوو بەرامبەر ئەوەی کە لەئێستادا عیراق تێی کەوتووە ئەوەیە کە لەو حکومەتە تایفییە نادروستە ڕزگاربین و پابەندبین بە پرەنسیبی هاووڵاتیبوون و پێکهێنانی حکومەتێکی ڕزگارکەریی نیشتمانی کە بتوانێ عیراق لەو مەینەتییە گەورەیە ڕزگاربکات و بەرەو دەوڵەتێکی مەدەنی و دیموکراسیی فیدرال هەنگاوبنێت کە ڕێز لە هەموو نەتەوەو ئایین و مەزهەبەکان بگرێت و هەموو شێوازەکانی جیاخوازی ڕەت بکاتەوە پەرەپێدان و پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری بەدی بێنێت و پارێزگاریی لە پێکهاتەکانی کۆمەڵگا بکات کە ئەمڕۆ بەرەوڕووی مەترسییە گەورەکان دەبێتەوەو و زیانێکی زۆری مرۆیی بەدوای خۆیدا دێنێ کە هەرگیز قەرەبوو ناکرێتەوە.

**هەر مەسیحییەکان نین کە ڕووبەڕووی هەڕەشەی چۆڵکردنی عیراق دەبنەوە، بەڵکو شوێنکەوتووانی مەندائی کە لە ئێستادا تەنیا چەند هەزارێکی کەمیان لێ ماوەتەوە ، ئەوانە بە زۆرەملێیی ئاوارەکران و موڵک و ماڵیان داگیرکرا و پەلاماری ئافرەتەکانیان دان و ژمارەیەک پیاویشیان لێ کوشتن**